# پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا

**سەلیم رەشید سالح [١] عەبدوڵڵا رەحمان عەولا [٢]**

[١] بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە -مەخموور، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی ڕۆمان لە بەرجەستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پیشاندانی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، بەتایبەتیش کاریگەری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لەسەر ڕەوشی گشتی تاك و کۆمەڵگەوە، لەسەرەتاشدا باسی کۆمەڵناسی ئەدەب کراوە وەکو زانستێك بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی ئەدەب و لەناویشدا جەختمان لەسەر کۆمەڵناسی ڕۆمان کردۆتەوە لەڕوی تیۆرییەوە لایەنەکانی باس کراوە، چونکە باسکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستە بەو بوارەوە. دواتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو (پەیوەندی هاوڕێیەتی و پەیوەندی خۆشەویستی و پەیوەندی خزمایەتی) و ڕەنگدانەوەیان لەناو بەشێك لەڕۆمانە کوردیەکاندا دیاریکراوەو تیشکی خراوەتە سەرو لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەرچاوخراوە. سنوری لێکۆڵینەوەکە لەنێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٩٠) ـەو، ڕۆمانەکانی ئەو ماوەیە کاریان لەسەرکراوە، ئەو کارکردنەش زیاتر لایەنی بابەت و ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...هتد، گرتۆتەوە، بەواتایەی ناوەرۆك و دەرخستنی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگە چەقی لێکۆڵینەوەکە پێکدەهێنن و کەمتر باس لە لایەنە تەکنیکییەکان کراوە، مەگەر ئەو کاتەی لە خزمەت باسکردن بابەتەکە بێت. لەم ڕوانگەیەشەوە هەوڵمانداوە لە چەند نمونەیەکی ڕۆمانی کوردیدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکەین و ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانە لەناو دەقی ڕۆمانەکان و بۆچونی ڕۆمانوسان لەهەمبەر ئەو کێشەو گرفتانە بخەینەڕو. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە زیاتر کارکردن بووە لەسەر پەیوەندی ڕۆمان و کۆمەڵگە، کە ئەم باسەش دەمانباتەوە سەر باسی کۆمەڵناسی ڕۆمان وەکو لقێك لە لقەکانی کۆمەڵناسی ئەدەب. ئەم بابەتش لە ڕەخنەی ڕۆمانی کوریدا و بەتایبەتیش لە ئاستە ئەکادیمییەکەی بەژمارەیەکی زۆر کەم کاری لەسەر کراوە. ئەو میتۆدەی کە لە لێکۆڵینەوەکە پەیڕەوی لێکراوە بریتیە لە میتۆدی وەسفی شیکاری هەروەها لەبەر ئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە لەناو بازنەی کۆمەڵناسی ڕۆمانە، بۆیە لە ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکەماندا سودمان لە میتۆدی کۆمەڵایەتیش وەرگرتووە.

**وشە سەرەکییەکان:** پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی هاوڕێیەتی، رۆمانی کوردی، کۆمەڵناسی ڕۆمان، کۆمەڵناسی ئەدەب

## ١. پێشەکی

بواری کۆمەڵایەتی بەشێکی گرینگ لە ژیانی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت و کاریگەری گەورە لەسەر ژیانی تاکەکانیدا دروست دەکات. بۆیە کۆمەڵگە سەرەڕای ئەوەی کە چەندین بابەت و ڕوداوی کۆمەڵایەتی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، لەهەمانکاتیشدا ڕایەڵەیەکی تێکچرژاوی لە پەیوەندیی و کارلێك و لێکترازانی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتووە. ئەو پەیوەندیی و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییانە بەشێوەیەك ڕەنگریژیان کردووە وەکو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی دەوری مرۆڤەکانیان تەنیوەتەوە. بەهۆی ئەوەش مرۆڤێك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بە تەنیا مەحاڵە بتوانێت بژیت، بۆیە هەمیشە لە پەیوەندییکردنی لەگەڵ ئەوانیدیکەدا لەلایەکەوەو کۆمەڵێك لەداب و نەریت و کولتوری تایبەت بە کۆمەڵگەی دروست کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە گەلێك جاریش لەو پەیوەندییانەدا دوچاری شکست و کێشە بووەتەوەو بەمەش گرفتی کۆمەڵایەتی یەخەی گرتووەو کاریگەری لەسەر ژیان و چارەنوسی داناوە. بەم پێیە مرۆڤ لەناو جیهانی تایبەتی خۆیدا بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەور دراوەو هیچ بونەوەرێك نییە کاریگەری ئەو کایە کۆمەڵایەتییەی لەسەر نەبێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی ئەو پانتاییە فراوانەیە کە ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت و هەوڵ دەدات لەڕێگەی ئەو پانتاییەوە بەرجەستەی ئەو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوەو ڕێڕەوی ئایندەش پێشکەش بە نەوەی نوێ بکات.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا لەڕوی تیۆرییەوە پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەو ئەدەب و کۆمەڵناسی ئەدەب ڕون کراوەتەوەو جەخت لەسەر لایەن و ڕەهەندەکانی کراوەتەوە. لەبەشی دووەمیشدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ٢ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢ شوبات ٢٠١٩؛ پەسەندکردن: ١ نیسان ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ کانوونی یەکەم ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: abdula.awla@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ سەلیم رەشید سالح، عەبدوڵڵا رەحمان عەولا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp39-49

ڕەنگدانەوەی لەناو بەشێك لەڕۆمانەکانی کوردیدا دیاریکراوەو تیشکی خراوەتە سەرو لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەرچاوخراوە.

## ٢. چەمك و مێژوی کۆمەڵناسی ئەدەب

کۆمەڵناسی ئەدەب یەکێکە لەو زانستانەی کە لەگەڵ پەیدابون و دەرکەوتنیدا، بایەخێکی تایبەتی خۆی وەرگرتووەو و سەرنجی لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو بەپێی سروشتی زانستەکە خۆی بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی ئەدەب دەدات و لە کلاورۆژنەی پێوەر و یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵایەتی و بە ئاوێتەبون لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی ئەدەب، بەرهەمی ئەدەبی دەخاتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنەوە.

### ١.٢ لەڕوی زاراوەوە

زاراوەی کۆمەڵناسی ئەدەب، لەدو بەش پێکهاتووە، (کۆمەڵناسي) و (ئەدەب) لێرەدا ئەگەر بەشی دووەمی زاراوەکە وەربگرین ئەوا بەرای ئێمە قسەکردن لەسەر چەمکی ئەدەب و بەتایبەتیش لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەدەبدا، کارێکی چەند بارە و سواو بێت. بۆیە زیاتر جەخت لەسەر بەشی یەکەمی زاراوەکە دەکەینەوە کە (کۆمەڵناس) ە، وشەیەکی لێکدراوەو لە هەردوو وشەی (کۆمەڵ) کە ناو و (ناس) کە لەڕەگی (ناسین) وەرگیراوە پێکهاتووە، بەیەکەوەش واتای زانستی کۆمەڵ دەگەیەنێت، ئەو زانستەی کە مێژویەکی نزیکی هەیە و لە سەرەتاکانی سەدەی نوزدەهەم و لەچوارچێوەی ژینگەی ڕۆژئاوادا لەدایکبووە. ئەو زاراوەیە لەلایەن عەرەبەکانەوە بە (علم الأجتماع الأدبی) و هەروەها بە (سوسیولوجیا الأدب) یش دێتە ناسین و لە زمانی فارسیشدا بە (جامعەشناسی ادبیات) دێتە ناسین و لەکوردیشدا (کۆمەڵناسی ئەدەب) و هەروەها (سۆسیۆلۆژیای ئەدەب) یشی پێدەڵێن.

### ٢.٢ لەڕوی چەمکەوە

کۆمەڵناسی ئەدەب یەکێك لەو زانستانەی کە دو بواری کۆمەڵگە لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو ئەوانیش زانستی کۆمەڵایەتی و زانستی ئەدەبە و سود لە خەسڵەت و سیما و پێوەر و ئاکارەکانی هەردو زانست وەردەگرێت و لە دو توێی لێکۆڵینەوەکاندا پەیڕەوییان لێ دەکات. بەو واتایەی کۆمەڵناسی ئەدەب لەلایەکەوە سەر بە لقەجۆراجۆرەکانی زانستی کۆمەڵایەتییە، ئەو لقەش وەکو هەمو لقەکانی دیکەی وەکو (کۆمەڵناسی گوند، کۆمەڵناسی شار، کۆمەڵناسی دەرونی، کۆمەڵناسی وەرزشی، کۆمەڵناسی سەربازی،...هتد) تانوپۆی زانستی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت و هەوڵدەدات لەڕێگەی ئەدەبەوە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەو مرۆڤ بکات. لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵناسی ئەدەب سەر بە زانستی ئەدەبەو لەڕێگای میتۆد و ڕەخنەو ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە هەوڵ دەدات دەلالەت و ڕەهەند و لایەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەستنیشان بکات. لەمبارەیەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە کۆمەڵناسی و ئەدەب لە چەند ئاست و ڕوانگەیەکدا تێکەڵی یەکتر دەبن و سود لە خەسڵەت و سیماو تایبەتمەندییەکانی یەکدی دەبینن، لەمەشدا چەند ئاڕاستەیەك هەن، کە لەناو خودی کۆمەڵناسی ئەدەب دان و هەوڵی سەرخستنی کارەکانی دەدەن:

**١ـ ئاڕاستەی چەندیەتی**

ئەم ئاڕاستەیە لەگەڵ ڕوانگەی کۆمەڵایەتی بۆ دیاردەی ئەدەبی تێکەڵ دەبێت، لەبەر ئەمەشە گەلێك جار بە ئاڕاستەی کۆمەڵناسی دیاردە ئەدەبییەکانیش دێنە ناسین، لەم ئاڕاستەیەدا زیاتر بایەخ بە لایەنی چەندییەتی کارە ئەدەبییەکان دەدرێت، لەم ڕووەوە سودی لە یەکێك لەخەسڵەتەکانی کۆمەڵناسی وەرگرتووە، کە کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی و ژمارەیە لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو و پاشان شیکردنەوەی ئەو داتاو وێنە و هێما و ژمارانە و بەدەستهێنانی ئەنجامی سەلمێنراوە لەبارەی کێشەکەوە، ئەم جۆرە کارکردنە بەهۆی ئەم ئاڕاستەوە لەکۆمەڵناسی خواستراوەو هێنراوەتە ناو بواری ئەدەبییەوە، لەم ڕووەوە لێکۆڵەر هەوڵ دەدات بەهۆی ئەو ئامار و داتا ژمارەییانە ڕاڤەو شیکردنەوەی خۆی ئەنجام بدات. ئەم ئاڕاستەیە ڕوبەڕوی ڕەخنە بووەتەوە،"چونکە کارکردنەکەی زیاتر لە خزمەتی زانستی کۆمەڵناسیدایە، نەك کۆمەڵناسی ئەدەب، خۆی بەدور دەگرێت لە چۆنییەتی و ماهییەتی بەرهەمی ئەدەبی و جیاوازی لەنێوان جۆری بەرهەمە ئەدەبییەکان ناکات" (کەمال، ٢٠١٢، ١٨) و بەلای ئەو گرنگە بەرهەمێك بتوانێت زۆرترین فرۆشتنی هەبێت و خوێنەرێکی زۆر لەخۆی کۆ بکاتەوە و داهاتێکی باش بۆ خۆی مسۆگەر بکات، کە ئەمانەش وەکو پێوەرێکی کاری ئەدەبی بەلای ئەم ئاڕاستەیەوە سەیری دەکرێت.

**٢ـ ئاڕاستەی دیالێکتیکی**

بەکارهێنانی دەستەواژەی دیالێکتیك لەڕوی مێژوییەوە بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە "لە Dialektik Teehne واتە هونەری دیالێکتیك (جەدەل) ەوە هاتووە، بۆ یەکەمجار (زینۆی ئیلیا) کە لەسەدەی چوارەمی پێش زایینەدا ژیاوە و واژەی دیالێکتیکی بۆ بەرگریکردن لە بیروباوەڕەکانی (بارمەنیدس) ی مامۆستای بەکارهێناوە، دواتر سۆفیستەکان لەوانە پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس بۆ جیاکردنەوەی بیروباوەڕی فەلسەفی دروست و نادروست پەنایان بردوتە بەر واژەی دیالێکتیك و دوای نەمانی سوکرات و پاشان ئەفلاتون سودی لە شێوازی جەدەلی دیالێکتیکی وەرگرتووە" (سراج، ٢٠١١، ١٥١) و لەسەردەمی نوێشدا (کانت) باسی دیالێکتیکی کردووە، بەڵام هێگڵ توانی سیستەمێکی تەواو بۆ دیالێکتیك دابمەزرێنێت، هەرچەندە لە دیالێکتیکەکەیدا پرنسیپی یەکتاناسنامە و چەسپاوی گەردونی ڕەتکردەوەو جەختی لەسەر پرنسیپی جوڵەکردن کردەوە بەو پێیەی کە پرنسیپێکی بونگەراییە. ئەم بیروباوەڕانەی هێگل کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر (کارل مارکس ١٨١٨-١٨٨٣) هەبو کە توانی سود لە دیالێکتیکی هیگڵ وەربگرێت و گەشەی پێ بکات، بەشێوەیەك کە "لە ئەندێشەی مارکسدا لە جیاتی چەمکی لۆژیکی هیگڵی، ڕوداوەکان و دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەمیتۆدی دیالێکتیکی شی دەکرێنەوە، بۆیە بۆچونەکانی هیگڵ سەبارەت بە دیالێکتیك لەبیاڤی لۆژیکەوە دەگوازرێتەوە بۆ بیاڤی کۆمەڵگە" (خانی،٢٠١٢، ٤)، لەم ڕووەوە مارکس لە چوارچێوەیەی سیستەمێکی دوانەییدا کە بە ژێرخان و سەرخان ناسرا دیالێکتیك پەرە پێدەدات. ئەم ئاڕاستەیە پێچەوانەی ئاڕاستەی چەندییەو بایەخ بە چۆنییەتی دەقی ئەدەبی دەدات و هەوڵ دەدات لایەنی بەها و نرخ و چۆنییەتی ناوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکان دیاری بکات و هەوڵی داوە دەق و داهێنانی ئەدەبی بە هۆشیاری گروپە کۆمەڵایەتییەکان گرێ بدات و بەناوەرۆکی دەقدا شۆڕ دەبێتەوە و هەوڵدەدات دەق لە چوارچێوەی کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی کێشەو گرفتەکانییەوە لێکبداتەوەو پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕاڤە بکات.

**٣ـ ئاڕاستەی پۆست فۆرمالیزم**

ئەو ئاڕاستەیە لەلایەن باختین(١٨٩٥-١٩٧٥) دا هاتەکایەوە. پۆست فۆرمالیزم وەکو زاراوەیەك بۆ یەکەمجار لەلایەن ژولیا کرستیڤای ڕەخنەگر و بیرمەندی فەرنسی-، کە لەکۆڕێکدا لەساڵی(١٩٧٠) بەناوی ئەدەبیات و ئایدۆلۆژیا لەفەرنسا پێشکەشی کرد بەکارهات و باختینی بە دامەزرێنەی ئەو ئاڕاستە ناساند(باختین، ٢٠٠٨، ٤٠)،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp39-49

باختین لەبواری میتۆددا، شێوازێکی ئێجگار دیالکتێکی هەیە و هەوڵی داوە دەسکەوتەکانی زانستیی لە ژێر تیشکی تۆژینەوەی دیالێکتیکیدا دور لە دۆگماتیزم شیبکاتەوە، هەرچەندە باختین سودی لەلایەنە باشەکانی فۆڕمالیزم وەرگرت، بەڵام ئەو تێدەکۆشا بۆ ئەوەی لە فۆڕمالیزم سەروتر بچێ، بەمشێوەیە باختین لایەنە باشەکانی فۆڕماڵیزم وەردەگرێت و بینیی یەکلا یەنە و، ئاستەنگەکانی وەلا دەنێت و ڕوانگەیەکی داهێنەرانە گەڵاڵە دەکات و "ڕەنگە بکرێ بەکورتی پۆست فۆڕمالیزم ئاوا پێناسە بکەین: پێوەندی پتەو لە نێوان ئەدەبیبون و کۆمەڵایەتیبونی دەقی ئەدەبییە" (باختین،٢٠٠٨، ١٥--١٦). بیروڕایەکانی پۆست فۆڕمالیزمەکان لە دو پرسی سەرەکیدا خۆی دەبینییەوە: (باختین، ٢٠٠٨، ٤٢-٤٣)

**أ- داڕشتنەوەی سەر لەنوێی چەمکی زمان**

بەڕای باختین و هاوەڵانی نابێت مۆدێلە تایبەتییەکانی مژاری زمان لە ڕوانگەی زماناسی لەدەقی ئەدەبیدا بەکاربردرێن، چونکە زمان ئەبستراکتێکی زانستییە و کاری مانادار و ئاڵۆزی و تێکچرژاوی دەقی ئەدەبی لەبەرچاو ناگرێت، بۆیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسەش و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو لاوازییە تایبەتانەی زمان، دەبێ دو بنەڕەتی سەرەکی لە میتۆدەکەدا بنیاد بنرێت، ئەوانیش سوژەیەك کە قسە دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە ئایدۆلۆژیایە، ئەم سوژەیە کە بێژەرە بە هاتنە ئارای ئەوی دیکە ماناکانی تەواو دەبێت و پەیامێك لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەبێت کە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی نێوانیانە. ئەم پەیوەندییە خۆی لە دوو هێڵدا دەبینێتەوە، هێڵی یەکەم هێمایەکی چروپڕ لە دیالۆگەکەدا خۆی حەشاردەدات و هێڵی دووەمیش کە لەوەدا من لەپەیوەندی ئەوی دیکەدا ڕاڤەکردنێك بۆ ئەو هێما چڕوپڕانە دێتە ئاراوە.

**ب- هەوڵدان بۆ گونجاندنی ئایدۆلۆژی لە خودی چەمکی دەقدا**

بەبێ کورتکردنەوەی دەق لە چەمکی زماندا، بەم پێیە دەق تەنیا مانایەکی ڕوتی نابێت، بەڵکو هەڵگری جۆرێك لە ئایدۆلۆژیا دەبێت، بەجۆرێك کە دەق دەبێ لەیەککاتدا زمانناسانەو ئایدۆلۆژی بێت، چونکە هەمو بابەتێك لە ڕوی مێژویی کۆمەڵایەتییەوە مانای هەیە، بەو واتایەی کە مانای وشەیەکی گوتراو هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکەو هەر کە گوترا لەمێژودا بەشداری دەکات و دەبێتە پرسێکی مێژویی و کۆمەڵایەتی.

**ج- لە ڕوی جۆرەوە**

کۆمەڵناسی ئەدەب لەمیانەی لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەدەب وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چەندین لق و پۆپی جیاواز لەناواخنیدا سەریهەڵداوە. لەمەشدا کۆمەڵناسی ئەدەب بەپێی ژانرە ئەدەبییەکانەوە چەند لقێکی لێ دەبێتەوە: ١ـ کۆمەڵناسی شیعر ٢ـ کۆمەڵناسی شانۆ ٣ـ کۆمەڵناسی دەق ٤ـ کۆمەڵناسی خوێنەر ٥ـ کۆمەڵناسی ڕۆمان (فرح و عبد الجواد، ٢٠٠٩، ٣٢-٦١). لێرەدا ئێمە باس لە کۆمەڵناسی ڕۆمان دەکەین: کۆمەڵناسی ڕۆمان یەکێکە لەلقەکانی کۆمەڵناسی ئەدەب کە بایەخ و گرنگی بە ژانرێکی دیاریکراو دەدات کە ئەویش ڕۆمانە، ئەو زانستە هەوڵدەدات لە ڕێگەی پەیوەستبونی ڕۆمان بە کۆمەڵگە، کاریگەری و کارتێکردنی نێوانیان دەستنیشان بکات و لەڕێگەی ڕۆمانەوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکات و ڕادەی کارلێکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەو واقیعی ژیان ڕون بکاتەوە. زاراوەی (کۆمەڵناسی ڕۆمان) لە دو بەش پێکهاتووە، (کۆمەڵناس) و (ڕۆمان)، تێکەڵبون و تێکچرازانی ئەو دو بوارەش لە چوارچێوەی تێکەڵبون و ئاوێتەبونی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ کۆمەڵناسی دێت، دیارە لێرەدا کۆمەڵناسی وردتر و چڕتر مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا دەکات و لە ڕێگای ژانرێکی دیاریکراوەوە هەوڵدەدات لایەن و ڕەهەندە کۆمەڵناسییەکانی کۆمەڵگە دیاری بکات. بێگومان ڕۆمان بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، ئەو پانتاییە بەرین و فراوانەی هەیە کە دەتوانێت بە باشترین شێوە وێنای لایەنەکانی کۆمەڵگە بکات، لێرەشدا کۆمەڵناسی وەکو زانستێك پەیوەست دەبێت بە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی و هەوڵدەدات بەپێی یاسا و پێوەرەکانییەوە بە ئاوێتەبون لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی ڕۆمان، کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و کەلتورییەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵگەکەی شیبکەنەوەو لایەن و ڕەهەندەکانی دیاری بکەن و شرۆڤەی خاڵە گۆڕاوەکان و چەسپاوەکانی بکەن. چونکە ئەو زەمینەیەی کە ڕۆمان بۆ هەڵکەوتەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لە ناو دەقەکەیدا فەراهەمی دەکات، جیا لەوەی فراوانتر و مەزنترە، لەهەمانکاتیشدا ڕونتر و وردترە لەچاو ژانرەکانی دیکەوە، بۆیە کۆمەڵناسی وەکو زانستێك ئەوەندەی سود لە ڕۆمان وەردەگرێت و نمونە زیندووەکانی ژیان و کۆمەڵگەی لێ بەدەست دەهێنێت، بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە سود وەرگرتنەکەی سنوردارو بەرتەسك دەبێت، ئەمەش بۆ هۆکاری سروشتی پێکهاتەی تەکنیکی وهونەریی خودی ژانرەکان دەگەڕێتەوە. هەروەها کۆمەڵناسی ڕۆمان فراوانتر و چڕوپڕترە لە چاو جۆرەکانی ڕۆمانەوە، چونکە کۆمەڵناسی ڕۆمان گشت لایەنەکانی کۆمەڵگە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایینی ...هتد، لەخۆ دەگرێت، بەڵام جۆرەکانی ڕۆمان لە چوارچێوەی تاکە ڕەهەندێکەوە کار دەکەن، وەکو ڕۆمانی سیاسی، ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، ڕۆمانی ئایینی هتد.

ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردیدا ڕاستەوخۆ لە زاراوە ئینگلیزییەکەی (Sociology Novels) وەرگیراوەو بە (کۆمەڵناسی ڕۆمان) دەناسرێت و گەلێکجاریش هەر خودی زاراوە ئینگلیزییەکە (سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان) بەکاردەهێنرێتەوە، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (علم الأجتماع الروایة) ی بۆ بەکاردەهێنن و هەروەها بە (سوسیولوجیا الروایة) ش دەناسرێت و لەزمانی فارسیشدا بە (جامعەشناسی رمان) دێتە ناساندن. کۆمەڵناسی ڕۆمان بایەخ و گرنگی بە لایەنەکانی کۆمەڵگە دەدات و هەوڵ دەدات ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە لەڕێگای دەقی ڕۆمانەوە دیاری بکات، بۆیە کۆمەڵناسی ڕۆمان "توێژینەوە لە پەیوەندی ڕۆمان وەکو گوزارشتێکی ئیستاتیکایی لە وێنەی ئایدۆلۆژیادا بەو جیاوازی و ململانێیە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییانەی کە لە کۆمەڵگە ڕودەدەن، و ڕادەی شیانی ئەدیب و ڕۆمانوس لە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو جیاوازی و ململانێیانەدا دیاری بکات، ئەمەش تەنیا شتە کە جەخت لەسەر پەیوەستبونی ئەدیب بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییە باوەکان لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژیت، ڕون دەکاتەوە" (فرح و عبد الجواد، ٢٠٠٩، ٥١) و کاریگەری ڕۆمانوس دەقەکەی لەسەر کۆمەڵگەکەی و کارتێکردنی کۆمەڵگەش بەسەرجەم لایەن و ڕەهەندەکانییەوە لەسەر ڕۆمانوس و دەقەکەی دیاری بکات. دیارە ئەوەش بۆ ئەو ڕۆڵە دەگەڕێتەوە کە ڕۆمان لەناو کۆمەڵگەدا وازیی دەکات، چونکە شێوەو ناوەرۆکی ڕۆمان ڕاستەوخۆ لە دیاردەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراوە و ڕۆمانەکان زۆربەی کات پەیوەستن بە چرکەساتی دیاریکراو لە مێژوی کۆمەڵگەدا، "چونکە ڕۆمان دەقێکە یارمەتیمان دەدات باشتر لەخۆمان ودەوروبەرمان تێبگەین، هۆشیاریمان فراوان دەکات، ڕێگە چارەی کێشەو گرفتەکانمان پیشان دەدات، وامان لێدەکات پەی بە هەڵەو ڕاستییەکانی خۆمان ببەین و بەدوای جیهانێکدا بگەڕێین جوانتر و شیاوتر لەوەی کە تێیدا دەژین، لەگەڵ ڕابردو ئاشتمان دەکاتەوەو هانمان دەدات بیر لە ئایندەیەکی گەش بکەینەوە" (ئەڵوەنی، ٢٠١٧، ٧٥). لەمبارەیەوە یەکێك لەو فەیلەسوفانەی هەوڵیدا لە چوارچێوەی

کۆمەڵناسی ڕۆمانەوە، پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆمان و واقیعی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دیاری بکات (کلۆد لیڤی شتراوس ١٩٠٨-٢٠٠٩) بو، لەمەشدا لە پەیوەندییەکانی ڕۆمان و ئەفسانەی کۆڵییەوە. لەلایەن خۆیەوە فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١) لەڕوانگەی فەلسەفەی ئەڵمانیدا بایەخێکی زۆری بە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆمان و شیعر و داستان داوە. لە چوارچێوەی ئەم بیرۆبۆچونانەوە (جۆرج لۆکاش ١٨٨٥-١٩٧١) وەکو تیۆریستێکی ڕۆمان لەلایەکەوە کەوتە ژێر کاریگەری بیروڕایەکانی (شتراوس) و لەلایەکی دیکەشەوە لەژێر کاریگەری بیروڕایەکانی (هیگڵ) دا لە ڕۆمانی کۆڵییەوە. (لۆکاش) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕۆمان ژانرێکی سەربەخۆیە و لەهەردو ڕوی شێوە و ناوەڕۆکەوە لە داستان جیا دەبێتەوە، ئەو جیاکردنەوەیەش لە دوو ئاستدا دەبێت، ئاستی یەکەم بریتییە لە پەیوەندی کاراکتەر بە جیهانەوە، ئاستی دووەمیش پلەپلەکردن و پۆلینکردنی جیهان بەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی(رسول، ٢٠٠٩، ٦٨-٦٩). کاتێکیش لۆکاش ڕۆمان لە داستان جیا دەکاتەوە، مەسەلە تەنیا پەیوەست بە شیعر و پەخشان ناکات، بەڵکو ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە وێنەی زەینی جیهان، بەو واتایەی مەسەلەی ڕیزبەندکردنی جیهانە بەشێوەیەکی ڕیزبەندییەکی ماددی، کە ڕیزبەندکردنی جیهانیش بە ماددییەت بێت، ئەوا بۆرژوازی بەتەنیا بەبێ خواوەندێك ڕوبەڕوی جیهان دەبێتەوە، کە دژی بێت یاخود لەگەڵیدا بێت. بۆرژوازی وای دەبینی کە ئەو بەتەنیا ڕوبەڕوی جیهان بۆتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەوەش دەبینێ کە جیهان پشتی تێ ناکات. جیهان ئەگەر دەستی لەوە هەڵگرت کاری تێدا بکات دەروخێت. بۆیە وێناکردنی داستان بۆ جیهان وێناکردنێکی ئوروستوکراتی بو، بەڵام وێناکردنی ڕۆمان بۆ جیهان وێناکردنێکی بۆرژوازی بوو (عەبود، ٢٠١٠، ٣٢).

هەر لەم چوارچێوەیەشدا (لۆسیان گۆڵدمان ١٩١٣-١٩٧٠) بۆچونەکانی لەمەڕ کۆمەڵناسی ڕۆمان دەخاتەڕو و جەخت لەسەر ڕۆڵی ڕۆمان لە هۆشیاری تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دەکاتەوە. گۆڵدمان لە کتێبەکەیدا (پێشەکییەك بۆ سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان) کە لەساڵی (١٩٦٤) بڵاویکردەوە، ئاماژەی بە بۆچونەکانی (لۆکاش و ژیرار) دەکات و سەرەڕای ڕونکردنەوەی جیاوازی لە بۆچونەکانیان، خاڵە هاوبەشی و جەوهەرییەکانی نێوانیان پیشان دەدات، کە وای دەبینن "ڕۆمان بەو پێیەی مێژوی بەدواگەڕانێکی ئاست نزمە بۆ بەهای ڕەسەن لە جیهانێکی بێ بەهادا، لەهەمەمانکاتیشدا ژیاننامە و مێژوی کۆمەڵایەتییە. ڕوداوی سەرەکی و گرنگیش بەتایبەتی ئەوەیە کە بارودۆخی نوسەر سەبارەت بەو جیهانەی کە لە ڕۆمانەکەی دایهێناوە، لە بارودۆخی جیهانی گشت فۆرمەکانی دیکەی ئەدەبی جیاوازە، ژیرار ئەو بارودۆخە بە (گاڵتەو پێکەنین) ناوزەد دەکات، بەڵام لۆکاش بە (تەنز) ناوی دەبات، هەردوکیشیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە پێویستە ڕۆمانوس وشیاری پاڵەوانەکانی تێپەڕێنێت" (غولدمان،١٩٨٨، ١٨). بەم پێیەش ڕۆمان دەبێتە گێڕانەوەی ژیاننامەو مێژوی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە سەردەمێکی دیاریکراودا کە ڕەنگدانەوەی گشت ڕەگەزەکانی ئەو سەردەمەی لەسەر دەبێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە (میخائیل باختین١٨٩٥-١٩٧٥) دوای ئەوەی پەردە لەسەر بەرهەمەکانی لابردرا و بڵاوکرایەوە، تیۆرییەکەی لەبارەی ڕۆمانەوە ئاشکرابو. لەم ڕووەوە بەیەکێك لە کاریگەرترین داڕێژەرانی تیۆری ئەدەبی لەسەدەی بیستەمدا دادەنرێت. (باختین) لە تیۆرەکەیدا لەبارەی ڕۆمانەوە، هەر چەندە لەگەڵێك لایەنەوە پێچەوانەی تیۆرەکەی (هیگڵ و جۆرج لۆکاش و لۆسیان گۆڵدەمان) کەوتەوە، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە خاڵی هاوبەش و نزیکایەتی لەنێوان بیروڕایەکانیان بەدی دەکرێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەرچی جیاوازی لەنێوان بیروڕایەکانیاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانگەکانی (باختین و گۆڵدمان) یەکتری تەواو دەکەن.

هەروەها لەلایەن خۆیەوە (بیار ف.زیما) لەچوارچێوەی زمانەوانییەوە هەوڵیداوە پەیوەندی ڕۆمان بە واقیعی کۆمەڵگە شیبکاتەوە، لەمبارەیەوە پێیوایە ئەوانەی لەچوارچێوەی ئەوەی کە دەق بەڵگەیەکی تەواوە، شیکار و ڕاڤەکاری بۆ ڕۆمان دەکەن، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ فەرامۆش دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە تا چ ئاستێك دلالەت و گێڕانەوە ڕوداوی کۆمەڵایەتی لە ڕۆماندا پێکدەهێنن. لەهەمانکاتیشدا ئەوەش پشتگوێ دەخەن کە تا چ ڕادەیەك دەقی ڕۆمان پەیوەستە بە بنیادی زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە سەردەمێکی دیاریکراودا، چونکە لێرەدا مارکسییەکان زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆکی ڕۆمان دەدەن، لەکاتێکدا بەشێك لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەران بایەخ بە فۆڕمی ڕۆمان دەدەن، لەم ناوەشدا بیروڕای سێیەمیش هاتۆتەئاراوە کە بەشێکن لە قوتابخانەی سیمالۆژی هاوچەرخ کە پێیان وایە ناوەڕۆك فۆڕم خۆیەتی(فرح و عبدالجواد، ٢٠٠٩، ٤٨ -٥٧).

## ٣. بەرجەستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دێتەئاراوەو بەشێك لە ژیانیان ڕەنگرێژ دەکات و کاریگەری و کارتێکردنی لەسەر سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگەدا بەجێ دەهێڵێت، بۆیە دەتوانین بڵێین "پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەر چەشنە پەیوەندی یاخود کارلێکێکە کە لەنێوان دو کەس یان زیاتردا ڕودەدات لەپێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی ئەو تاکانەدا" (محەمەد، ٢٠١٢، ١١٣)، بۆیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرینگ لە ژیان و گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکەن و "ئاماژە بە جۆری ئەو کارلێکە دەکەن کە لەنێوان مرۆڤ و ئەوی دیکەدا یاخود گروپێك و گروپێکی دیکەدا دێتە ئاراوە، بەشێوەیەك کە ڕایەڵی هاوبەشیان لەنێواندا هەیە، بەو واتایەی کارو کاردانەوەیە یاخود کارو وەڵامدانەوە بۆ ئەو کارە لەنێوانیاندا هەیە، ئەو پەیوەندییانەش بەپێی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی جۆراجۆرە، کاتێکیش جۆری ئەو کارلێکردنە لەنێوان خەڵکیدا دەچەسپێت، شێوەی ڕێکخراوی خۆی وەردەگرێت" (ابراهیم، ٢٠١٢، ١٧٩) و بەمەش پەیوەندییەکی دولایەنە لەنێوان تاکەکان و کۆمەڵگەدا دێتە کایەوە کە لەئەنجامی ئەو پەیوەندییانە و کاریگەری و کارتێکردنی نێوانیان دروست دەبێت و کۆمەڵێك بەستەوەری تایبەت بە ژیانی تاکەکان دێتە بون لەوانەش پەیوەندی هاوڕێیەتی و پەیوەندی خزمایەتی و پەیوەندی خۆشەویستی و ...هت بێگومان کۆمەڵێك هۆکاری وەکو سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و خێزانی و پەروەردەیی و...هتد ڕۆڵی خۆیان لەدروستبونی ئەو پەیوەندییانەدا دەگێڕن و کار لە تاکەکان دەکەن بچنە ناو بازنەی ئەو بەستەوەرانەوەو بەمەرج و پێداویستییەکانیان ڕازی بن.

سەرەڕای ئەمانەش ئەو پەیوەندییانە ئامانج و ئەنجامی خۆی هەیە، کە لەوانەیە ئەو ئەنجام و ئامانجانە نەرێنی یاخود ئەرێنی بن. "پەیوەندی کۆمەڵایەتیی پۆزەتیف لە ئەنجامی یەکێتی گروپ یان دامەزراوەو کارایی و بەهێزی و توانایی لە هێنانەدی ئامانجە سەرەکییەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت. وەلێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێگەتیڤ لە ئەنجامی لێکهەڵوەشان و پەرتەوازەبونی گروپ یان دامەزراوە و لاوازی و تێکچونی و بێ توانایی لە هێنانەدی ئامانجە سەرەکییەکاندا سەرچاوە دەگرێت" (محەمەد، ٢٠١٢ ١١٣).

لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی پتەویان بە ئەدەبەوە هەیە، چونکە ڕایەڵەی سەرەکی ناوەڕۆکی ئەدەب پێکدەهێنن، بەتایبەتیش لە هونەرەکانی

گێڕانەوە، لەنێوانیشیاندا ڕۆمان، کە بەهۆی ئەو پانتاییە فراوانەیەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی فراوان لە ڕوداوەکانی ناو ڕۆماندا وازی دەکەن و بەوهۆیەشەوە ڕۆمانوس دەستکراوەتر مامەڵە لەگەڵ خاڵ و گۆڕانکارییەکانی ناو ڕوداوی دەقەکەی دەکات. بەرجەستەکردنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لەناو ڕۆماندا سەرەڕای ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕوداودا هەیە و بەشێك لە بونیادی ڕوداوەکە پێکدەهێنێت، لەهەمانکاتیشدا خودی کارەکتەرەکانن ئەو پەیوەندییانە لە پانتایی دەقدا بەرجەستە دەکەن و بەوهۆیەشەوە دەکەونە ژێر کاریگەری و کارتێکردنی ڕەهەندەکانی ئەو پەیوەندییانە و لە گەلێك جاریشدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری لە چارەنوسی کارەکتەرەکەدا دەکەن، بۆیە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لەناو ڕۆماندا کاران و هێڵی سەرەکی بەشێکی گرینگی دەق لەخۆ دەگرن، لەوانەش:

### ١.٣ پەیوەندی هاوڕێیەتی

ئەو پەیوەندییەیە کە لەژیانی مرۆڤدا دێتەکایەوە، پەیوەندییەکی پاك و بێگەردە و نمونەی بەیەکەوە ژیان و گونجان و ڕێزگرتنە. ئەو پەیوەندییە لەناواخنیدا لەسەر قوربانیدان و هاوکاری و هەرەوەزی یەکتری و گوزەراندنی ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەکانەوەیە. خودی وشەکەش هاوڕێ، بەو واتایە دێت کە لەڕێگای ژیاندا کەسێك لەگەڵتدا هاوشان بێت و بەیەکەوە ئەو ڕێگە هەورازو نشێوە ببڕن. لەڕۆمانی (ژانی گەل) ی (ئیبراهیم ئەحمەد) دا، ڕۆمانوس سودێکی تەواوی لە پەیوەندیی هاوڕێیەتی وەرگرتووە و بنچینە و ژێرخانی گەلێك لە ڕوداوەکانی بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە دەربڕیوەو خستوویەتیەڕو، بەتایبەتیش لە بەشەکانی (٧، ١١،١٠،٩،٨) کە سەرلەبەری ئەو پەیوەندییە هاوڕێتییە لەخۆ دەگرێت، ڕۆمانوس لەگۆشەنیگای ئەو پەیوەندییەوە درێژەی بە ڕڕوداوەکان داوەو گەلێك دیمەن و وێستگەی ڕوداوەکانی شیکردۆتەوەو خستویەتەڕو. ئەوەتا لەبەشی حەوتەم پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی نێوان (جوامێر و ئاسۆ مەمەند) دەخرێتەڕو بەهۆیەوە ئاماژە بە گەلێك بەسەرهات و چیرۆکی ناو شار دەکرێت کە بەهۆی بەندکردنییەوە (جوامێر) زانیاریی لەبارەیانەوە نەبو، بۆ نمونە چیرۆکی (عەبەی چایخانە) بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە تیشکی دەخرێتە سەر و بەهۆیەوە کۆمەڵێك پەیوەندی دیکەی هاوڕێیەتی یادیان دەکرێتەوە: "ئێی ئێستە بۆ کوێ ئەچی، خۆ چایخانەی عەبەش نەماوە تا بڵێم ئەچیت بۆ ئەوێ، بیرتە چۆن کۆنکەنت لێ ئەکردین، ڕۆیشتین دەستەکەمان تەفروتونا بو، هەر یەکەیان کەوتە شوێنێ مەریوان کوژراوە، عەلی گیراوە، ئەمین دەست بەسەرە لەو خوارانە.. شەوکەتیش گوێزرایەوە نازانم چی بەسەرهات، ئەوانی کەش پەرش وبڵاوبونەوە" (ژانی گەل، ٧٤).

لەبەشی هەشتەمیشدا وێنەی ئەو کۆبونەوە شەوانەی هاوڕێیەکان پیشاندراوە، ئەو کۆبونەوانە ئەنجامی ئەو بارودۆخەیە کە دەسەڵات بەرهەمی هێناوەو زەبرو زەنگ و قەدەغەکردنی هاتووچۆ خەڵکی ناچار کردووەو بەو شێوەیە درێژە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بدەن، ئەوەتا (ئاسۆ) کە هاوڕێی (جوامێرە) دەڵێت: "ئێمە چەند هاوڕێیەکین تری قەدەغەی میریمان بڕیوە، کردومانە بە پیشە هەر شەو ناشەوێ لەماڵی یەکێکمانین، لە ئێوارەوە ئەچین شەو لەوێ ڕائەبوێرین و ئەنوین و بەیانی دوای بڕانەوەی قەدەغە دێینە دەرێ" (ژانی گەل ، ٧٥-٧٦).

لەبەشی هەشتەم و نۆیەم و دەیەمەدا وردەکاری ئەو کۆبونەوە شەوانەیەی هاوڕێیان خراوەتەڕو، بەتایبەتیش کاتێك بەهۆی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەوە، ڕۆمانوس بە تەکنیکی فلاش باك دەگەڕێتەوە ناو زیندان و بەشێکی دیکەی ژیان و گوزەرانی ناو زیندان دەخاتەڕو: "دەرگای ژورێکیان بۆ کردمەوە یەکێکیان پاڵێکی توندی لەناکاو پێوەنام بەدەمدا کەوتمە ناو ژورەکەوە تا دەستم لەسەر وچاوی خۆم کوتا بزانم کوێم شکاوە و هەستامەوە سەر پێ دەرگای ژورەکەیان خڕ داخستەوە، لەپێشەوە وەك بت لە جێی خۆم چەقیم چونکە هەرچی ڕوناکی بێ لە ژورەکەدا بەدیم نەکرد، بەرەبەرە چاوم بە تاریکییەکە ڕاهات ڕوانیم باڵاپیاو ونیوێك بەرامبەرم لە چەند درزێکەوە داوە ڕوناکی دێنە ژورەوە وای تێ گەیشتم کە پەنجەرەیە و لەو دیوەوەچینکۆی پیا گیراوە" (ژانی گەل ، ١٠٤).

ئیدی بەمشێوەیە بەهۆی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەوە زانیارییەکانی ناو زیندان و شێوەی ژیان و لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان ...هتد وردە وردە دەخرێتە بەردەم خوێنەر. لەڕاستیدا ئەو ڕۆمانە بایەخێکی تەواوی بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە داوەو ڕۆمانوس توانیویەتی ئەو پەیوندییە بخاتە خزمەتی ڕوداو و مۆنتاج و درهێنانێکی هونەری ڕوداوەکان و جوڵە و ڕەفتاری کارەکتەرەکانی پێ کردوە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندی هاوڕێیەتی لە ڕۆمانی (سەگوەڕ) ی (محەمەد موکری) دا پانتاییەکی فراوانی دەقەکەی پێکهێناوە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەوە ڕۆمانوس درێژەو بەردەوامی بە ڕەوتی ڕوداوەکان دەدات و بۆ گێڕانەوە سودیان لێ وەرگرتووە. بەهێزی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بۆ خودی فەزای دەقەکە دەگەڕێتەوە، کە لە شوێنێکی دیاریکراودا ڕوداوەکان بەڕێوە دەچن ئەویش زیندانە. بۆیە ڕۆمانوس لەلایەکەوە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە ئەم زیندانە، ئامێرێکی سەرکوتکردن و لەناوبردنی نەیارەکانی دەسەڵاتە و بەشێك نییە لە دامودەزگای فەرمی و دامەزراوەی کۆمەڵگەیی، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەوە ڕادەی ئەو ئەشکەنجەو ئازارە دەرونی وجەستەییە پیشان دەدات و ڕوناکی دەخاتە سەر کردەوەکانی لەسێدارەدان کە دور لە هەر پێوانەیەکی مافی مرۆڤ و بەدەر لە یاساکانەوە جێبەجێ دەکرێت. لەم دەقەدا پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکان کە ئاماژەی بۆ کراوە ئەمانەن:

**أ-** ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەی کە کارەکتەری سەرەکی لە گەڕەك و شارەکەیدا هەیەتی و بەهۆی چونی بۆ شاخ و بونی بە پێشمەرگەوە لێیان دابڕاوە، کاتێك دایکی لە شاخ سەردانی دەکات بە پەرۆشەوە لە هەواڵی ئەو هاوڕێیانەی دەپرسێت: "ئەرێ دایکە هاوڕێیەکانی شارم چۆنن؟ فەریدون چۆنە؟ ئەو سەگە چاوشینە وەکو جاران ماوە؟ هەر قیتە قیت دەکات، باوەڕ ناکەم تا ژنێ نەهێنێ واز لە بەزم و ڕەزمەکەی بێنێ.. ئەی مچە چۆنە، ئەویش وەکو جاران قسە زلەکانی ماوە؟ توخوا دایکە کە گەڕایتەوە، زۆر زۆر سەلامیان لێ بکە... چاویان ماچ دەکەم!" (سەگوەڕ، ١٨-١٩).

لێرەشدا ڕوداو بەهۆی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە ڕەوت دەکات و بەشێك لە گێڕانەوە پێکدەهێنێت، بە سەرنجدان لەو دەقەی سەرەوە ئەو کاریگەرییە دەرونییانە لە سەر کارەکتەری سەرەکی بەدیار دەکەوێت، کە بەهۆی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە هاتۆتەکایەوە، بەو واتایەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی نەرێنیان لەسەر کارەکتەر داناوەو بەگەڕانەوەیەك بۆ رابردو یادی ئەو هاوڕێیانەی دەکاتەوەو لە هەواڵیان دەپرسێت.

**ب-** ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەی کە لەزینداندا دروست بوبو، پەیوەندییەکی ڕوحی و کۆمەڵایەتی گرنگی بۆ بەندییەکان پێکدەهێنا، ئەوەتا کارەکتەری سەرەکی بەشێك لەو هاوڕێیانەی ناو زیندانەکەی دەناسێنێت و بەهۆیانەوە بارودۆخ و ژینگەو گوزەرانی ناو ئەو جۆرە زیندانە دەخاتەڕو. یەکێك لەو هاوڕێیانە (ئازاد و شێرزاد) ی جمك بوو، کە ڕۆمانوس بەهۆی ئەوانەوە باس لە بارودۆخی ناو زیندان دەکات: "هاوڕێیەتییان خۆش بو، ماوەیێ لەمەوبەر لەگەڵ شێرازد و ئازاد و دە دوازدە کەسی

دیدا لە ژورێكی زۆر چكۆلە و تاریك و پیسا بون. .. وەك كەلاك كەوتبونە سەر یەكەوە. نیوەتان بەپێوە دەوەستان و بەشێكتان لەنێوان پێی وەستاواندا هەندێ دەخەوتن. بەنۆبە ئەمە كارتان بوو... كۆنە چكۆلەكەی دەرگاكە، هەمیشە، بەنۆرە دەمی یەكێكتانی پێوەبو...بەو شێوەیە هەواتان هەڵدەمژی... هەر كەبەیانی زو یەكە یەكە بەداركاری و جنێو بۆ ئاوەدەستخانەیان دەبردن. هەر یەكە و ماوەی دەقیقەییێكیان دەدانێ ئیتر لەبەر تێ هەڵدان زۆربەتان فریا نەدەكەوتن خۆ هەڵكات و ئێوارانیش بەهەمان دەستور ئاوەدەستخانەتان بەم بەزمە دەستی پێ دەكرد" (سەگوەڕ، ٤١-٤٢).

لێرەدا بەهۆی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەوە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری ناو زیندان دەخاتەڕو. لەدیمەنێكی دیكە ڕۆمانوس باس لە هاوڕێیەكی دیكەی كارەكتەری زیندان دەكات و بەهۆی ئەوەوە پەنجە لەسەر گەندەڵییەكانی ناو كۆمەڵگە دادەنێت، ئەو هاوڕێیەش ناوی (فەریدونە) و لەسەر زاری كارەكتەری سەرەكییەوە بەمشێوەیە باسی لێوە دەكرێت "گەلێ جاریش پێكەنینت بە فەرەیدونی هاوڕێت دەهاتەوە! كە لەهیچ شتێ نەدەترسا لەوەی كە ناوی بخوێننەوە! حەزی نەدەكرد بۆ بەربونیشی ناوی بخوێننەوە، دەیویست ـ گەر بەریشی دەن، ئەوا یەكێ بەچپەوە پێی بڵێ!" (سەگوەڕ، ٤٣).

ئەم جۆرە خەسڵەتەی ئەو هاوڕێیە لەوە سەرچاوەی گرتبو كە هەر كاتێك خانەوادەكەی هەوڵیان دەدا بۆ ئازادكردنی، ئەو زیاتر ئەشكەنجە دەدرا، سەرەڕای ئەمانەش هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەوە، ڕۆمانوس زیاتر ڕوناكی دەخاتە سەر ئەو زوڵم و زۆرداریيەی كە دوژمن بەرامبەر نەتەوەكەی دەیكرد، لەباسكردنی بەسەرهاتی (كامەران) ی هاوڕێیەوە ئەوە پیشان دەدرێت كە دوژمن دەستی لەمنداڵیش نەپاراستووەو لەسێدارەی داوە، لەدیمەنێكی دیكەشدا لەڕێگای ئەو پەیوندییە هاوڕێیەتییەوە تیشك دەخاتە سەر چۆنییەتی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە لەگەڵ بەندییەكان و ئاستی ئەو زۆرداریيەی كە بەهۆیەوە لەگەڵیاندا كراوە بەدیار دەخات، ئەوەتا لەباسی (قالە) ی هاوڕێیدا ئەوە دەخاتە ڕو كە بەهۆی ڕەتكردنەوەی داواكانیان لەژێر ئەشكەنجەدا گیانی سپاردووە: "خۆ قالەش وەكو من بو، هاوتەمەن، هاوپۆل بوین نەیدەویست (بوختان) بەخۆیا كات و هەر دیوت (نا ... وانەبو... ئاگام لێ نییە) تا لە ژێر داردا تاسانیان!" (سەگوەڕ، ٤٩).

ڕۆمانوس توانیویەتی بەهۆی ئەو پەیوەندییە چڕوپڕەی هاوڕێیەتییەوە، بەشێكی گرنگ لە ڕوداوی ڕۆمانەكان بەڕێوە ببات و ئەركی ڕونكردنەوە و شیكردنەوەیان پێ پسپێرێت.

لەڕۆمانی (توانەوە) ی (غەفور ساڵح عەبدوڵڵا) دا پەیوەندی هاوڕێیەتی لەناو ڕوداوەكاندا بەشداری هەیە و لەژیانی كارەكتەرەكانیشدا ڕۆڵی دیاریكراوی خۆی گێڕاوە، ئەوەتا كاتێك (قارەمان) ی كارەكتەری سەرەكی لەدوای گەڕانەوەی لە شارەكەی خواروی عێراق كە وەكو سزایەك لەبری بەشداریكردنی لەشۆڕشی ئەیلول بۆی دورخرابووەوە، دوبارە بەدوای خۆشەویستەكەی خۆی (هەتاو) پرسیار دەكات، لێرەشدا لەڕێگەی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە ناونیشانی ماڵەكەی وەردەگرێت، كە (جەمال) ی هاوڕێی پێی دەدات، دواتر هەر لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیەوە تەواوی زانیارییەكانی لەمەڕ (هەتاو) دەزانێت، كاتێك لە چایخانەدا یەكتری دەبینن و لەو بارەیەوە گفتوگۆ دەكەن: "ڕۆژێكیان لەگەڵ ـ جەمال ـ ی دی، پورە فاتم، لەیەكێك لە چایخانەكانی بەردەم قەڵاكەوە بوون، جەمال هەڵی دایە و پێی وت: تۆ ئەوە ماوەیەكە لەم شارەی، ئەڵێن هەتاوی دراوسێی خۆشمان لێرەیە! بە پەشۆكاویەوە ڕوی دەمی تێ كرد: كام هەتاوی دراوسێی خۆمان؟ جەمال بە پێكەنینەوە دەستێكی دایە سەر ڕانیەوە وتی: هەی نەعلەتی نازانی كام هەتاو؟ هەتاوی حەمەمینی.... ئەو بەغەمباریەكی دەربەدەریەوە چاوێكی بڕیە دەرەوەو ئاپۆڕایەك ترنجا بونە نێو یەكترەوە و وتی: ڕابردویەك بو گوزەشت، ئێستا لەماڵ و مێردی خۆیەتی...

ـ گەورەم خراپ تێگەیشتوی ....! یان لە گوێی گا نوستوی؟ ئەی نازانی چەند ساڵێكە مێردەكەی خۆڵیشی نەماوە؟ لەگەڵ كیژێكی ئیفلیج دا بە كولەمەرگی و ناو زڕاوی و ڕۆژگاریش بەكێشی دەكات؟" (توانەوە، ٢٦٦-٢٦٧).

لێرەدا ڕۆمانوس لەڕێگەی ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەوە بەشێك لە زانیارییەكانی گێڕانەوەكە بە (قارەمان) دەگەیەنێت، بەو واتایەی پەیوەندی هاوڕێیەتی بووەتە ئەو دەروازەیەی كە تێیدا ڕوداوەكان گەشە دەكەن و ئاڕاستەی دیكە بەخۆیانەوە دەبینن، لێرەشدا ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەی نێوان (قارەمان و جەمال) پەیوەندییەكی دروستە و ڕۆڵی لە ڕوداوەكاندا هەبووە، لەهەمانكاتیشدا پەیوەندییەكی هاوڕێیەتی نادروستی (قارەمان) بەدی دەكەین كاتێك باس لەو هاوڕێیانەی دەكات كە لەشۆڕشدا بەیەكەوە بوون، كەچی ئێستا ئەوان لە حاڵ و گوزەرانێكی زۆر باش دەژین و ئەویش لە ناو هەژاری و گوزەرانێكی خراپدایە: "ئێستاش گوزەرانێكی كولەمەرگی، وەڕزی، تەنانەت چ دڵسۆزیەكی تێدا نەماوە، دڵسۆزی بەرامبەر بەچی بۆچی؟ لە پێناوی دڵسۆزیدا لایەكی خۆی نایە بانی، خۆی دانا و مایەپوچ گەڕایەوە، كەچی تەماشا دەكات، هاوڕێكانی هەمو بونە خاوەن شت و خۆش گوزەران ڕادەبوێرین و پارەدارن بەچاوی بەزەییەوە دەڕواننە ئەم، ئەی ئەمیش بۆچی چەشنی ئەوان، یاریزانی ئەتروپاتیك نەبو، لەسەر سێ و چوار پەت هەڵمەقۆ بكات؟ بەڵام نەخێر ئەم ئێستاش ڕێ بەخۆ نادات، وەكو ئەوان بێ و هەمو بەهایەك وەژێر پێ بخات" (توانەوە، ١٩٨).

لێرەشدا ئەگەر چی ناوی هیچ هاوڕێیەكی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ نەهێناوە، بەڵام پەیوەندییەكی نادروست لەگەڵ ئەوان كۆی كردونەتەوە، ئەوان كە هەمو بیروباوەڕێكیان لەپێناو پارەو خۆشگوزەرانیدا خستۆتە ژێر پێ، كەچی ئەو كاروكردەوەیە لە لایەن (قارەمان) ەوە ڕەت دەكرێتەوە، بەمەش پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئەواندا نادروست دەبێت.

لەڕۆمانی (كانگەی بەڵا) ی (حسام بەرزنجی) دا دو جۆرە پەیوەندی هاوڕێیەتی دەبینین، كە هەردوكیان دو ستونی سەرەكییان بۆ ڕوداوەكان پێكهێناوە، بەواتایەكی دیكە، پەیوەندی هاوڕێیەتی لەم ڕۆمانەدا بنچینە و بناغەی سەرەكی ڕوداوەكانی لە ئەستۆ گرتووە. ئەو دو پەیوەندییش بریتین لە پەیوەندی باوكی (دارا) و هاوڕێیەكانی، لەگەڵ پەیوەندی (دارا) و هاوڕێیەكانی. ئەم دو پەیوەندییە لەسەرەتای ڕۆمانەكەدا وەكو دو هێڵی تەریبی بەیەك نەگەیشتو، سەرەڕای هەڵكشان و دابەزینێكی زۆرەوە تا كۆتایی ڕۆمانەكە بەردەوامییان هەیە. هەردوكیشیان بە كارەسات و لێكترازانی كۆمەڵایەتی كۆتاییان دێت. پەیوەندی هاوڕێیەتی باوكی (دارا)، پەیوەندییەكی زاڵتر و باڵاتر و كاریگەرترە لەچاو پەیوەندی هاوڕێیەتی (دارا) ەوە، چونكە ئەو پەیوەندییە جەوهەر و كرۆكی ڕوداوە سەرەكییەكە پێك دەهێنێت، بەو واتایەی گرێی سەرەكی ڕوداوەكە بریتییە لەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییە. هەر چەندە ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییە لەسەرەتای ڕۆمانەكەدا تا نزیك كۆتایی، پەیوەندییەكی شاراوەی هاوڕێیەتییەو جگە لە دایكی (دارا)، (دارا) خۆی و (خورشید) ی براشی ئاگادار نین، تەنانەت ڕۆمانوس بەشێوازێكی وا چنینی ڕوداوەكانی كردووە كە خودی خوێنەریش ئاگاداری نییە و لەڕێگای چەند هێما و كۆدێكەوە بڕێك لەو زانیارییانەی لەبارەی ڕوداوەكانی تایبەت

بەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەی پێ دەگات، ئەمەش خۆی لە نامەکانی یەکێك لە هاوڕێیەکانی باوکی (دارا) دەبینێتەوە کە هەر جارێکیش ئەو نامەی پێ بگەیشتایە باری دەرونی و تەندروستی تێکدەچو و بەرەو خراپی دەرۆیشت و دەستی بە جگەرەکێشان و مەی خواردنەوە دەکرد، ئەم نامانە سەرەتا یەکەن بۆ ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتیەیە، بەتایبەتیش کە دوانامەی لەم بارەیەوە بەدەست دەگات کە هەڕەشە و گوڕەشەیەکی گەورەی لەخۆ گرتووە: "ڕۆستەم باوەگۆزی، ئێستا لەموی ناو لوت لێت نزیکترم، هەر سەرت بەرز کەیتەوە کوتکی منت بەتەپلی سەری دەکەوێ. ئەمە دوا نامە، ئامۆژگاریت دەکەم و بۆ خواپێت دەڵێم ... چ ماڵ و سامانێکت هەیە هەموی جێ بهێڵە... ڕەنگە ئەگەر بەقسەی خۆش وا بکەیت ئەمەکی برادەریەتیم وام لێ بکا شتێکت پێ بدەمەوە، هاوڕێ، منیش مافی ئەوەم هەیە کەهەڵاوەیەکی خۆش و فێنکم بەرکەوێ و هێندێ لەو ماڵە بخۆم .... هەڵبەت ئەمەش لە ڕاست تۆ مافێکی ڕەوای خۆمە و لێ ی خۆش نابم" (کانگەی بەڵا، ١٤٨).

ئەم نامەیە سەرەتای ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییە کۆنەیە کە لەنێوان باوکی (دارا) و (بیلال) خاوەنی نامەکە هەبووە، ئەمەش سەرەتای کردنەوەی گرێی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و لەوێوە گشت کێشەو گرفتەکان دەست پێ دەکات، چونکە باوکی ناچار دەبێت تەواوی ئەو پەیوەندییە شاراوەیەی هاوڕێیەتی کە بووەتە هۆکاری دەوڵەمەندییان بە (دارا و خورشید) بگەیەنێت: "من و ئەو (بیلال) ە لەمناڵی ڕا یەکتر دەناسین، باوکی هەردوکمان دەستیان کورت بو، من باوکم شاگردە خمچی بو لەگەڵ ئەوەش دا سەری زو نایەوە ومنی تاقانەی بەهەتیوی جێ هێشت، باوکی (بیلال) یش (عەسافە کوێر) یان پێ دەوت، کولخانچی بو... برسیەتی و نەدارایی وای لێ کردین، بەدوان گەلێك ڕێگای چەوت و چەوێڵ بگرینە بەر، وای لێ هاتبو شت فڕاندن و بەڕك بڕین و دزی کردن بووە پیشەمان. گەلێك لەگەڵ یەك تەبا بوین. بەلەنگازی و ڕۆژگاری ڕەش وای لێ کردبوین کە هەردەم متوی یەکتر بین و شەو و ڕۆژ پێکەوە بەسەر بەرین" (کانگەی بەڵا، ١٥١).

بەمشێوەیە چیرۆکی خۆی و هاوڕێ بیلال و پاشان کاتێك لە زیندان ئاشنای (وەلی غەیبە) ش دەبێت پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکەیان فراوانتر دەبێت و بەهۆیەوە وەکو گروپێك دزی دەکەن، کاتێك لەیەکێك لە دزییەکانیش (وەلی غەیبە) دەکوژرێت، هەر لەو ساتەشدا دایکی (دارا) دەمرێت،بۆیە باوکی خێزانەکەی (وەلی غەیبە) دەهێنێتەوە و دەبێتە زڕدایکی (دارا).ئەمەش سەرەتای ئاشکرابونی نهێنییەکی گەورەیە بۆ (دارا) بەتایبەتیش کاتێك هەست بە جیاوازیکردنی لەگەڵ (خورشید) ی برای دەکات.

لەلای خۆشیەوە باوکی لە گێڕانەوەو ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییە کۆنینەی هاوڕێەتییە بەردەوام دەبێت و باس لەوە دەکات کە بەیەکەوە لەگەڵ (بیلال) کاری دزیکردنی جۆراجۆریان کردووە، بەتایبەتیش کاری پیشانگای ئۆتومبێل، بۆیە پێش ئەوەی (بیلال) تێ بکەوێت، خۆی دەرباز کردووەو هەڵاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ باوکی (دارا) پێشینەیەکی پارەیان لەنێواندا هەر مابو، بۆیە ئێستاش کە گەڕاوەتەوە داوای ئەو مافانەی دەکاتەوە، تاکە چارەسەریش ئەوەیە کە دایکیان پێشنیازی کردبو: "دایکتان وتەنی، گەر بتوانم هەمو شت لەسەر ناوی خۆم لابەرم، واتا هەمو شت کۆتایی هات... جا ئەگەر هات و لەم کارە سەرکەوتین واتا ئێمە لەو زوتر بەخۆ کەوتین و پێشتر بەڕمان لەژێر پێ ی دزیەوە" (کانگەی بەڵا، ١٦٣).

کەچی لەم خاڵەدا ڕوداوەکان ڕێڕەوێکی دیکە بەخۆیانەوە دەبینن و بەهۆی ئارەزوی پارەوە، دایکی و (خورشید) کەگشت شتەکانیان کەوتە سەر ناوی خۆیان لەژێرەوە لەگەڵ (بیلال) پێکهاتن و باوکیشیان لەماڵەوە دەرکردە دەرەوە. بەمشێوەیە ئەو بنەماڵەیە بەهۆی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەوە دوچاری لێکترازانی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. هەرچەندە ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییە لەسەرەتاوە پەیوەندییەکی دروست بووە، بەڵام دواجار دەبێتە پەیوەندییەکی نادروست و لێکترازانی کۆمەڵایەتی بەدوادا دێت، کەواتە لێرەدا پەیوەندی هاوڕێیەتی ژێرخانی ڕوداوەکانی ئەو ڕۆمانە لەخۆ دەگرێت و بەهۆیەوە ڕۆمانوس تەوەری سەرەکی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی داڕشتووە. بەهۆی ئەم پەیوەندییەشەوە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر دەکرێنەوە و جۆش و خرۆشێك لەناو ڕەوتی ڕوداوەکانی پێ دەبەخشن. پەیوەندی هاوڕێیەتییەکی دیکە، پەیوەندی هاوڕێیەتی (دارا) یە، کەسەرەتا ئەو پەیوەندییە شێوەیەکی ئاساییانەی هەیە لە گەڵ (مازن) دا بەهۆی فەرمانبەرییەوە دروست دەبێت، ئەم هاوڕێیەتییە لەسەرەتادا لایەنێکی ڕۆحی گرینگ بو بۆ (دارا)، بەتایبەتیش دوای شکستهێنانی لە خۆشەویستییەکەی بۆ (سەرگوڵ)، کەبەهۆی ئەو هاوڕێیەتییەی کە لەڕێگەی (مازن) ەوە لەگەڵ هەر یەکە لە (ژاڵەو سەرهید) دا پەیدای کرد جۆرە سێبورێکیان پێبەخشی: "گەر هات ماوەیەکی درێژ دوای ئەم دڵداریە پڕ لەناسۆریەم، (مازن) م نەدیبایە و و (سەرهید) و (ژاڵە) شی پێ نەناسیبومایە، لەوانە بو بەیەکجاری بیروهۆشم تێکچوبایەو لەناو دەریای خۆشەویستییەکی سۆفیگەریدا بخنکابام...! " (کانگەی بەڵا، ٣٤).

بەمشێوەیە ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییە بۆ (دارا) دەبێتە جێگرەوەیەکی دەرونی وکۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش کە زوو لەگەڵ (سەرهید) یشدا دەبێتە هاوڕێ: "لەگەڵ (سەرهید) دا زو بوین بە هاوڕێ و چوینە ناو دڵی یەکتر. تاکو وای لێ هات هەر سێکمان بێ یەك هەڵمان نەدەکرد، وا متوی یەکتر بوبوین بێ یەك ئاومان نەدەخواردەوە. هەر کەسە نهێنی خۆمان بۆ یەکتر باس کردبو، هەمومان بوبوینە تێکهەڵکێشراو و تەواوکەری یەکتر...! " (کانگەی بەڵا، ٣٤).

بەڵام ئەم پەیوەندییە هاوڕێیەتییە هەر لەو ئاستەدا نامێنێتەوە، بەڵکو گۆڕانکاریی بەخۆیەوە دەبینێت، لەلایەکەوە بەهۆی ئەو بێزاربونەی (دارا و مازن) لە ژیانی فەرمانبەرییان، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەڵپەی دەوڵەمەندبون و کۆکردنەوەی پارە، کە وای لێکردن دوچاری هەڵەو لادانی کۆمەڵایەتی ببنەوە. لەوانەش دزیکردن و داوێنپیسی. بەتایبەتیش ئەو پەیوەندییەی داوێنپیسییەی کە (دارا) لەگەڵ (ژاڵە) دا پەیدای کرد و دواتر لەلایەن ژاڵەوە گۆڕا بۆ پەیوەندییەکی خۆشەویستی تاك لایەنانە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەش لەلایەن (دارا) وە، ئیدی پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکەشیان گۆڕاو و بووە پەیوەندییەکی نادروست، ئەمەش خاڵی وەرچەرخان بو تا بەهۆیەوە (دارا) و هاوڕێیەکانی باجی ئەو لادانە کۆمەڵایەتییە بدەن و لەلایەن (ژاڵە) ەوە وەکو تۆڵە کردنەوەیەك، پۆلیسیان لێ ئاگادار دەکاتەوەو بەهۆیەوە دەستگیر دەکرێن و دەخرێنە زیندانەوە .

### ٢.٣ پەیوەندی خۆشەویستی

مەبەست لەو جۆرە پەیوەندییەی نێوان ڕەگەزی نێرو مێیە، کە لەسەر بنەمایەکی پاك و بێگەرد بەڕێوەبچێت و پێکەوەنانی خێزانێکی بەختەوەری لێبکەوێتەوە، لەمبارەیەوە "لامان ڕون نییە کە یەکەمین چیرۆکی خۆشەویستی بۆ کام سەردەم دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆمان هەیە بڵێین ئەم هەستەی کە لەنێوان ژن و پیاودا هەیە بە قەد کۆنی مرۆڤ کۆنە، ئەم خۆشەویستییە چ (خواوەندی) بێ و چ مرۆیی بەدرێژایی مێژو نەوە دوای نەوە وەك دروشم و نەریت" (عیسا، ٢٠٠٩، ٨١) پەیڕەوی لێکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پەیوەستە بە ڕادەی گەشەسەندنی وشیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی تاکەکانی کۆمەڵگە، چونکە لە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp39-49

کۆمەڵگە داخراو و دواکەتووەکان ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕێگەپێدراو نییەو بە کارێکی ناشەرعی دادەنرێت و بە دورکەوتنەوە لە ڕەوشت لەقەڵەم دەدرێت. بۆیە ئەنجامدەرانی سزای مەرگ دەدرێن. لەناو کۆمەڵگەیەکی داخراودا بەدەگمەن پەیوەندییەکی لەم شێوەیە شانسی- سەرکەوتنی دەبێت و لەلایەن بنەماڵەکانەوە بە ئاسایی وەردەگیرێت.

لەڕۆمانی (ژانی گەل) ی (ئیبراهیم ئەحمەد) دا، پەیوەندییەکی خۆشەویستی باس دەکرێت، بەڵام لەڕێگای فلاش باکەوە ڕۆمانووس گەڕاوەتەوە سەری و خستویەتییەڕو، ئەو پەیوەندییەش لەنێوان (جوامێر) کە کارەکتەری سەرەکییە لەگەڵ (کاڵێ) کەناسیاری خانەوادەکەیانە. ئەو پەیوەندییە لە ئەنجامی ئەو کارەساتەی کە بەسەر ماڵی (پیرۆزخان) دا دروست دەبێت، کە مێردەکەی لەلایەن پیاوانی ئاغاوە دەکوژرێت و ئەویش بەناچاری بۆ وەرگرتنەوەی حەقی خۆی ڕو لە دادگا دەکات لەشار و لەوێش دەچێتە ماڵی (جوامێر) کە ناسیاوییان هەیە، ئەمە سەرەتای دروستبونی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان دەبێت. هەر چەندە (جوامێر) لەمنداڵییەوە (ئاسکۆڵ) ی ئامۆزای بۆ دانراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دایکی (ئاسکۆڵ) بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نییە و هەروەها (جوامێر) خۆشی ئاگاداری بارودۆخی (ئاسکۆڵ) نەماوە، سەرەڕای ئەمەش هەستێکی کتوپڕ و لەناکاو دڵ و دەرونی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ (کاڵێ) دا دەگرێت، هەر چەندە شەرمێکی زۆری لێدەکات، بەڵام دواتر ئەو شەرمەی نێوانیان نامێنێت و سەرەتاش پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی کۆیان دەکاتەوەو زیاتر لەیەکتریان نزیك دەکاتەوە، دواتر وردە وردە ئەو پەیوەندییە لە هاوڕێیتییەوە دەگوازرێتەوە بۆپەیوندیی خۆشەویستی و سەرەتاش (جوامێر) بیر لەوە دەکاتەوە کە بیکاتە هاوسەری خۆی: "ئەم سەرداخستن و بێدەنگییەی هەر چەندە لە سەرەتاوە لە تەریقییا بو، بەڵام لەدواییدا بو بەلێکدانەوە و خەیاڵ لێدان و مرخ لێ خۆشکردن! بەڕاستی بۆ وا نەبێ هەرگیز خوا ژن هێنانی وا سوك و ئاسانی بۆ کەس ڕێك نەخستووە، بوکێکی ناسك و نازداری بەپێی خۆی بۆ هێناوەتە ماڵەوە" (ژانی گەل، ٦٠).

ئەم خەیاڵانەی (جوامێر) بەتایبەتی لە کاتێکدا بو کە (کاڵێ) ی لەگەڵ دایکی ڕەوانەی ماڵی مامی کردبو بۆ داواکردنی (ئاسکۆڵ) ئەوانیش وایان زانیبو ئەوە بوکێتی لەگەڵی هاتووەو ئیدی مەسەلەکە بەشێوەیەکی دیکە کەوتبووەوە و کۆتایی پێهاتبو، لەو لاوەش (جوامێر) بەتەواوەتی هەست و سۆزی بۆ (کاڵێ) چو بو، بۆیە (جوامێر) لەلایەن خۆیەوە مەسەلەکەی ڕاگەیاند و ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە سەرکەوتنی بەدەستهێنا: "دوای ئەو ڕۆژە بە هەفتەیەك هەمو حسابێکی ژنهێنانی جوامێر ڕێك خراو تەنانەت ڕۆژی گواستنەوەشی، کەوا لەبەر پرسەباریی کاڵێ و دایکی خستیانە زستان" (ژانی گەل، ٦٣).

لێرەشەوە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستییەوە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەندی خێزانی و هاوسەرگیرییەوە کە بنیادی ڕوداوی ڕۆمانەکەی لەسەر دروست دەکرێت و بەهۆیەوە ڕوداوەکان ڕەوتی خۆیان وەردەگرن، کەواتە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە لە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتییەوە دروست دەبێت و لەدواجاردا دەبێتە پەیوەندییەکی خزمایەتی، ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەش پانتایی ڕوداوی دەقەکەی گرتۆتەوەو بنچینەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەی لەسەر بنیادنراوە، کەواتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گەورەیان لە بنیادنانی ڕوداو و دەرخستنی ڕەهەند ولایەنەکانی کارەکتەر هەیە و ڕۆمانەکەش کار لەسەر شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە و ڕۆڵیان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بەدیار دەخات.

لەڕۆمانی (سەگوەڕ) ی (محەمەد موکری) دا پەیوەندی خۆشەویستی بەشێوازێکی دیکە خراوەتەڕو و لەچوارچێوەی هزرێکی نەتەوەییدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە. لەو ڕۆمانەدا بەهۆی بونی ستەم و زوڵم وزۆرداری دەسەڵاتی داگیرکەرەوە، خەبات وتێکۆشان لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی و ڕزگارکردنی خاکی نیشتمانەوە لەپێشتر بووە لەو پەیوەندییە خۆشەویستییە. هەر بۆیە بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە بەسەر نەتەوەکەی داهاتووە، کارەکتەری سەرەکی وەکو بەجێهێنانی ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە کۆتایی پێدەهێنێت: "شیرین ... بمبورە... ترسنۆك نیم، لەبەر خاتری تۆ لەبەر خۆشەویستیی تۆ... دەمەوێ بڵێم پەشیمانم، چونکە هەرگیز ناتوانم بەختەوەرت کەم!بمبورە" (سەگوەڕ، ٦٦).

لێرەدا کارەکتەر گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە هەرگیز ناتوانێت لەوەها بارودۆخێکدا ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە بەرەو پێش ببەن و خێزانێکی بەختەوەری لێ دروست بکەن: "کەسێکی چەوساوە و بێدەنگ، دەوروبەری بەهەزاران داو تەنرابێ. دەربەدەر و ماڵوێران دەکرێ... ناچاریش دەکرێ قەناعەت بە خۆی بێنێ کە ئەمانەی لە پێناوی مرۆڤایەتی و یەکێتی و سۆسیالیستیا پێ دەکرێ.. چۆن دەتوانێ لە خەونیشدا قەناعەت بەخۆی بێنێ کە ببێتە خاوەن خێزان و لەگەڵ هاوسەریدا بەهێمنییەوە بژین و تۆوی بەختەوەری بۆ نەوەکانیان بڕوێنن" (سەگوەڕ، ٦٦-٦٧).

ئەو هزرکردنە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر (شیرین)ی خۆشەویستەکەی دادەنێت و ئارامی لێ دەبڕێت و ئازارێکی دەرونی دەدات، بۆیە لە نامەیەکدا کە لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێکراوە و بۆ خۆشەویستەکەی ناردووە، ئەوە ڕون دەکاتەوە کە زۆر هەوڵی داوە ژیان و چارەنوسیان بگۆڕێت: "پێم وابو گەر هەوڵی ئەوە بدەم جۆری ژیان بگۆڕم و لەدنیای ڕۆتین دور کەومەوە، ڕەنگ بێ دیدم بۆ ژیان بگۆڕێت، هەر بۆیە چەند جارێکیش داوام لێ کردی لەگەڵتا بم و بەشداری کەم، کەچی هەر دەتوت نەکەی! دوایی هەزار قسە و قسەلۆکت بۆ هەڵدەبەستن... نازانی - ئێمە - ئەوەندەی قسە کارمان تێ دەکات، گولـلە ئەو کارەمان لێ ناکات! من دڵنیام لە تۆ ... بەڵام خەڵکەکە! " (سەگوەر، ٧٠).

لێرەدا ئاماژە بەو هزرە دواکەوتو و کۆنەپەرستەکراوە کە لەناو کۆمەڵگە باو بووە و بەشداربونی ئافرەت لە کۆڕی خەبات بە شێوەیەکی نەرێنی سەیری کراوە، لەحاڵەتی واشدا کەسەکە دەکەوێتە بەر تانەو تەشەری کۆمەڵایەتییەوە، دیارە لەمەشدا ڕۆمانوس ڕەخنەی لەو جۆرە بیرکردنەوانە گرتووە و ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە کۆمەڵگەی نەریتگەرا و دواکەوتو و داخراو هەمیشە قسە بەڕێوەی دەبات و کاری تێ دەکات و ئەو قسەیەشی بەراورد کردووە بە گولـلە. لەوەها حاڵەتێکدا (شیرین) بڕیاری خۆی داوە، بەوەی خۆی بکوژێت و لەدەست ئەو نەهامەتییە و کۆتاییە خەماوییە ڕزگاری بێت، بۆیە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە نەوەك هەر ناکامەو هەردو دڵدارەکە بەیەکدی ناگەن، بەڵکو کارەساتێکی دڵتەزێنیشی لێکەوتۆتەوە و جەمسەرێکی ئەو پەیوەندییە بەهۆیەوە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. لەمەشدا کاریگەری و کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر دەرونی جەمسەرەکەی دیکە داناوە، ئەوەتا کارەکتەری سەرەکی سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندییە خۆشەویستییەکە بێ ئەنجام دەکەوێتەوە، خۆشی بەبەرپرسیار لەو چارەنوسە دەزانێت، سەرزەنشتی خۆشی دەکات: "جا چ کەسێ ئەم حەقەی لێ گرتبوی؟ ها خۆت..... بەڵێ خۆت! تارادەیەك حەقت بو، بەهەزار فرتوفێڵ و درۆ و دەلەسە، داوی سۆزی خۆت بتەنی تا شیرینی بەستەزمانی تێ کەوێ و بیکەیتە نێچیر... هەزار پەیمان و سوێندت بۆ خوار. دڵیت داگیرکرد" (سەگوەڕ، ٦٤).

ئەم هەستە لە ئەنجامی ئەو چارەنوسەیە کە بەهۆی بڕیارەکانی کارەکتەری سەرەکییەوە بەسەر (شیرین) دا دێت. بەمشێوەیەش پەیوەندی خۆشەویستی مامەڵەیەکی نەتەوەییانەی لەگەڵدا کراوەو تێکەڵ بە هزری نیشتمانپەروەری کارەکتەرەکان بووە، هەر چەندە بە کارەسات کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەو کارەساتەش لە ئەنجامی ئەرك و بەرپرسیارییەتییە نەتەوەییەکانی کارەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێت و کۆتایی بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لەپێناو خاك و نیشتمان دەهێنرێت.

لەڕۆمانی (هەرەس) ی (محەمەد موکری) دا پەیوەندی خۆشەویستی بەشدارییەکی کارای لە ڕەوتی ڕوداوەکاندا هەیە و بەشێکی گرینگ لە ژیانی کارەکتەرەکان پێکدەهێنێت. لەو ڕۆمانەدا چەندین پەیوەندی خۆشەویستی لەناو ڕەوتی ڕوداوەکان تێکهەڵکێش کراوە، ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییانە بەشێکیان ناکام بونەو بەشێکیشیان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. لەوانەش پەیوەندی خۆشەویستی (سمایل) ی ئەکتەر لەگەڵ (زەینەب) ی ئامۆزای لەسەروبەندی نەخۆشکەوتنی (سمایل) و لەڕێگەی تەکنیکی فلاش باکەوە بەرچاو دەخرێت. دیارە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە لە ئەنجامی پەیوەندی خزمایەتییەوە دروست بووە، بەڵام باوکی (زەینەب) ڕازی نابێت (زەینەب) لەگەڵ (سمایل) دا هاوسەرگیری بکات و خێزان دروست بکات، بەڵکو ئەو بەڵێنی ئەوەی پێدەدات کە (پیرۆز) ی خوشکی پێ بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (زەینەب) هەر دڵی بەلای (سمایل) ەوە دەبێت و ئەو کاتەی کە باوکیشی دەیەوێت بە شوی بدات، هانا بۆ سمایل دەبات، کەچی ئەو وەڵامی ناداتەوە، ئەم هەڵوێستەی سمایل لەدوای ئەوەوە دێت کە جارێکیان دەسبازی و داوێنپسی- لەگەڵ (زەینەب) دەکات: "لەپڕ پیرۆز لەژور سەریانەوە دەرکەوت، بە سەرنجی پڕ نەوسی ئارەزوی کپکراوی دیمەنی هەردوکیانی مژی.. سمایل و زەینەب وەك ئاوی ساردیان بەسەرا بکرێ، داچڵەکین" (هەرەس، ٨٩). ئەمەش لەکاتێکدا کە (سمایل) لەباوکییەوە بەڵێنی پێدانی (پیرۆز) ی وەرگرتبو، بەڵام بەهۆی ئەو ڕوداوەوە هەروەها نەبونی هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانیاندا ئەو کارە سەری نەگرت، بەتایبەتیش کە (سمایل) خۆشی ئەوەی دەزانی کە (پیرۆز) ئەوی ناوێت و پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ یەکێکی دیکەدا هەیە: "پیرۆز بە تۆ قایل نەدەبو، حەزی لە مچەی خاڵۆزاتەوە بو" (هەرەس، ٨٩). بەمشێوەیە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییانە تەنیا ماوەیەکی کەمی خەیاندووە و بە ناکامی کۆتاییان هاتووە.

لەدیمەنێکی دیکەدا باس لەو پەیوەندییە خۆشەویستییە دەکرێت کە لەنێوان (حەمە) و (مەریەم) دا هەبووە، ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە ناکام دەکەوێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە (مەریەم) لەلایەن بنەماڵەکەیەوە بەزۆرە ملێ بەشو دەدرێت: "بەزۆر (مەریەم) یان دایە مەلا سەعی .. بەلێ مەلا سەعید شەستساڵان دەبوو، چوار ژنی دیشی هەبوو، هیچیان مناڵیان نەدەبوو.. مەریەم؟ بەلێ ئەویش چواردە پانزە ساڵان ... ئا... هەر لەو تەمەنەدا بو" (هەرەس، ٩٥).

هەر چەندە لەلایەن (مەریەم) ەوە بۆ سەرکەوتنی پەیوەندییە خۆشەویستییەکەیان و دامەزراندنی خێزان پێشنیازی ڕەدوکەوتن کرا، بەڵام (حەمە) ڕەتی کردەوە، بەمشێوەیە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەش ناکام دەکەوێتەوە و بۆ یەکتری نابن.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەیدا ئاماژە بەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوان (ئەحمەد و نەسرین) دەکات، هەر چەندە سەرەتا ئەو خۆشەویستییە تاك لایەن بووە و تەنیا لەلای (ئەحمەد) ەوە هەستی پێکراوە، دایکیشی بێ ئەوەی بەو خۆشەویستییە بزانێت، داوای لێکراوە کە (نەسرین) بخوازێ. کەچی (ئەحمەد) بەر لە گرتنی (نەسرین) ئەو هەستە خۆشەویستییەی لەلا هەبووە، کەچی دوای دەستگیرکردنی (نەسرین) و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژیکردنە سەر ناموسیشی، (ئەحمەد) هەر لەسەر بەڵێنی خۆشەویستی خۆی مابو و داوای کردو ئەویش ڕازی بوو: "نەسرین قایل بو، شوی بە ئەحمەد کرد، چ بەختەوەرییێك بەقەد بەختەوەری ئەو ڕۆژە زمانی ئەحمەدی لەگۆ نەبردکە خەجێ مژدەی قایل بونی نەسرینی بە ئەحمەدا) " (هەرەس، ٢٠٦).

لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی (ئەحمەد) ئەوپەڕی دڵسۆزی و قوربانیدان بو لەپێناو خۆشەویستەکەی و تەنانەت بەگژداچونەوەیەکی دوژمنەکان بو تاوەکو بیسەلمێنی کە شەرەف و ناموس بەوان پیس نابێت، ڕۆڵی سەرەکی لە سەرکەوتنی ئەو خۆشەویستییە بۆ (ئەحمەد) دەگەڕێتەوە کە دوای ئەو دەستدرێژیکردنە سێکسییەش بۆ سەر (نەسرین) ئامادەبو بیخوازێت و ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێکبهێنێت، بەتایبەتیش کە بەهۆی ئەو دەستدرێژییەوە (نەسرین) سکی پڕ بو ئەمەش هاوکات بو لەگەڵ شوکردنی بە (ئەحمەد)ەوە: "کە نەسرین شوی بە ئەحمەد کرد، سکی پێنج مانگان بو، خەجێ گەلێ یارمەتی دەدا، بەهیچ شێوەیەك نەیدەهێشت هیلاك بێ" (هەرەس ، ٢١٢). لێرەشدا گەورەیی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە بۆ (ئەحمەد) و هەروەها بۆ (خەجێ) ی دایکیشی دەگەڕێتەوە کە ڕازی بووە کوڕەکەی ژنێك بهێنێت کە سکی پڕ کرابێت. ئەمەش گەورەیی خۆشەویستی بەسەر هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی ژیان دەگەیەنێت .

### ٣.٣ پەیوەندی خزمایەتی

ئەو جۆرە پەیوەندییە کە ڕایەڵەی بەیەکەوە بەستنی خێزانەکانە و بەشێکی گرنك لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت. پەیوەندی خزمایەتی ڕۆڵێکی گرنگ و کارا لە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە دەگێڕێت و کاریگەری و کارتێکردنی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕوداوەکان و هەروەها لەسەر ئایندەی کارەکتەرەکانیشەوە هەیە.

لەڕۆمانی (ژانی گەل) ی (ئیبراهیم ئەحمەد) دا پەیوەندی خزمایەتی هێڵێکی سەرەکییە لەناو ڕوداوەکاندا و ڕۆمانوس سودێکی بێ وێنەی لەو جۆرە پەیوەندییە وەرگرتووە پانتایی ڕوداوەکەی لەسەر بنیادناوە. بەتاییەتیش کە پەیوەندی خزمایەتی نێوان کارەکتەری سەرەکی (جوامێر) و (لاوە) ی ئامۆزای کە بڕبڕەی پشتی ڕوداوەکان پێکدەهێنن، تەواوی ڕوداوی ڕۆمانەکە لەسەر ئەو هێڵەی پەیوەندی خزمایەتی بەڕێوە دەچێت، چونکە کاتێك (جوامێر) لە زینداندایە، ئەوا (لاوە) ی ئامۆزایەتی کە ڕوداوەکان بەشێوەیەك دەهۆنێتەوە تا ورە بەرنەدات، کەچی لەکۆتاییدا کرانەوەو جۆرە موفاجەئەیەك هەم ڕوبەڕوی کارەکتەری سەرەکی و هەمیش ڕوبەڕوی خوێنەر دەبێتەوە، کاتێك (لاوە) دان بەوەدا دەنێت کە تەواوی ئەو زانیارییانەی لەناو زینداندا پێی بەخشیون ڕاست نین و بە ناچاری درۆی کردووە: "بەبیرما لەو شەوەزەنگەی ژیانت مۆمی داگیرسێنم تروسکایی بخاتە تاریکستانی زیندانەکەتەوە، هیوایەکت بدەمە دەست بەدرێژایی ساڵانی بەندیخانە کاوێژی پێوە بکەیت و خەوی پێوە ببینیت. هیوایەك بۆی بمێنی و خۆتی بۆ هەڵگری، دامنا ئەوەت بۆ بنوسم کە نوسیم (کاڵێ کوڕێکی جوانی ئێسك سوکی بووە ناومان ناوە هیوا!) ئەمە سەرەتای درۆکەم یا درۆی یەکەمم بو، بڕوا بکە ئەوسا کە کردم هیچ بە بیرما نەئەهات ڕاگرتنی ئەم درۆیە ئەوەندە ئەکەوێت لەسەرم" (ژانی گەل، ١٨٢).

ئیدی بەهۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەوە ڕوداوە ڕاستەقینەکە کە مردنی کاڵێ و منداڵەکەیەتی بە (جوامێر) دەگەیەنرێت، لێرەدا ڕۆمانوس کارێکی هونەری لەسەر ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە کردووە و بەشێوەیەك بەکاری هێناوە لە خزمەتی ڕوداو و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp39-49

کارەکتەرەکانەوە بێت. بەهۆیەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەی نێوان (جوامێر) و (لاوە) کە هەبووە، لەسەر ئاستی کەسی پەیوەندییەکي دروست بووە، هەرچەندە ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەی نێوان هەردو خێزان، پەیوەندییەکی دروست نەبووە، هەروەکو دیارە کە خانەوادەی (لاوە) بەتایبەتیش دایکی، جیا لەوەی ڕازی نەبون (ئاسکۆڵ) بە (جوامێر) بدەن، بەڵکو جیاوازییەکی چینایەتیش لەنێوانیاندا هەبووە، دیارە ئەمەش وای کردووەو ئەو پەیوەندییە ناتەندروست بێت.

هەروەها لە دیمەنێکی دیکەدا کاتێك (جوامێر) لە زینداندا ئازادکراوە و سەردانی خزم و کەس و کارەکانی دەکات، ئەوە دەبینین کاتێك سەردانی (مەجید) ی خاڵۆزای دەکات و پێی سەیر دەبێت کە بەو نەخوێندەوارییەوە کراوە بە بەڕێوەبەری بانق، هیچ یاسایەکی پەیوەندی خزمایەتی ڕەچاو ناکات و ڕاستەوخۆ ناڕازیی خۆی لەم کارە دەردەبڕێت، خێزانەکەی پەنا بۆ ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە دەباتەوە کە ناکرێت کەسێك خۆی بە خزم لەقەڵەم بدات و وەکو دوژمنیش سەیریان بکات: "بەخوا بابە خزمی چاکیت! ئەوەی بێگانە پێی ڕەوا بینیوە تۆ پێی ڕەوا نابینیت، ئەوە بۆچی لە عاستی ئێمە وایت کاکە جوامێر؟" (ژانی گەل، ١٢٨).

کاتێکیش (جوامێر) لەڕێگەی پەیوەندیی هاوڕێی و دراسێتییەوە ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە کە ئەو کار و پلەو پایەی کە (مەجید) ی خاڵۆزای پێگەیشتووە بەهۆی داوێنپیسی ـ و کاری بەدرەوشتییە، ئیدی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەی بەلەنگی دێتەبەرچاو و هەوڵی ئەوە دەدات کە بیپچڕێنی و خەڵکیش بەو پەیوەندییە نەزانن: "سەری ژنی بەگۆڕی بابی مەجید، من چیمە بەسەرەوە، بۆچی پێی سوك ئەبم، کێ ئەزانێ ئێمە هەر خزمیشین، جگە لەوەی کەوا من ناوم لەدەفتەری زۆر کەسیشا کوژاوەتەوە" (ژانی گەل، ١٢٨).

بەهۆی ئەم کارەشەوە ئەو پەیوندییە خزمایەتییە لە حاڵەتێکی تەندروستەوە بۆ حاڵەتی ناتەندورست و پچڕان دەچێت. ڕۆمانوس لە ڕێگەی پیشاندانی ئەم حاڵەتانەی پەیوەندی خزمایەتی ویستویەتی ڕەوش و بارودۆخی ناو کۆمەڵگە و کاریگەری سیاسەت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕون بکاتەوەو وردەکارییەکانی بخاتەڕو.

لەڕۆمانی (هەرەس) ی (محەمەد موکری) دا پەیوەندی خزمایەتی لەناو ڕوداوەکاندا ئەرکی خۆی هەیەو بەشدارە لە ڕەوت و دیمەنەکانی ناو ڕوداوە سەرەکییەکە، جیا لەمەش لایەن و ڕەهەندەکانی کارەکتەری ڕون کردۆتەوەو کاریگەری لەسەر هەڵوێستەکانی داناوە. کاتێك ڕۆمانوس باس لە کارەکتەرێکی وەکو (وسو) دەکات کە سود لە بارودۆخەکە دەبینێت و بەهۆی پەیوەندی خزمایەتییەوە دەست بەسەر موڵك وماڵی (خەجێ) ی کچی برایەکەی دا دەگرێت: "پێرار کە باوکی خەجێ لە حەج نەگەڕایەوە، وسوـ ی مامی خەجێ دایکی خواست، هەر کە حەمە چووە داخوازی خەجێ، بێ سێ و دو وسوی باوە پیاوی بەشیربایێکی چاك، خەجێ ی لەکۆڵ کردەوە، فرۆشتی یە حەمە، بەم کارە وسو لەدو سەرەوە خۆی ڕزگار کرد، سەری لە گێچەڵ و کەشمەکەشی هەیەر سووك بووە، خەجێشی لە میراتی و بەشەماڵ بێ بەش کرد، ئەویش بەوەی شوی کردووەو مێردی هەیە" (هەرەس، ١٣).

لێرەدا (وسو) بەهۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەوە بەمەرامەکانی خۆی گەیشتووەو دەستی بەسەر موڵك وماڵی برایەکەی دا گرتووە، کەواتە ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە، پەیوەندییەکی نادروست بووە وئەنجامی خراپی لێکەوتۆتەوە.

هەروەها کاتێك باس لە (سمایل) ی کارەکتەریش دەکرێت و ئاماژە بەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی دەدرێت کە لەگەڵ (زەینەب) دا هەیەتی، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە (زەینەب) ئامۆزای بووە، بەوواتایەی کە پەیوەندییە خۆشەویستییەکەیان، بەرهەمی پەیوەندییە خزمایەتییەکەیان بووە، بۆیە کاتێکیش باوکی (زەینەب) بەو پەیوەندییە خۆشەویستییە دەزانێت، داوا لە (سمایل) دەکات کە پەلە نەکات و (پیرۆز) ی کچی پێ دەدات، ئەمەش لەزاری (سمایل) ەوە گوزارشتی لێ دەکرێت: "باوەڕت بە قسەکەی مامت هێنا کە پێ ی وتی (سمایل) کوڕم تۆ هێشتا مناڵی، وەختی ژن هێنانت نییە، هەر سێ چوارساڵی تر سەبر بکە (پیرۆزت) دەدەمێ" (هەرەس، ٨٧).

هەر چەندە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و لەهەمانکاتیشدا (پیرۆز) یشی بۆ نابێت، چونکە ئەو پێی ڕازی نابێت و پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ یەکێکی دیکە هەیە. لێرەشدا پەیوەندی خزمایەتی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

لەڕۆمانی (کانگەی بەڵا) ی (حسام بەرزنجی) دا پەیوندییەکی خزمایەتیمان بەرچاو دەکەوێت کە کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی لەسەر ڕوداوەکاندا هەیە، ئەویش پەیوەندی خزمایەتی (سامان) ە، لەگەڵ بنەماڵەی (دارا) وە. ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە لەلایەن (سامان) ەوە بەدو ئاڕاستەی جیاواز بەکارهێنراوە. لەلایەکەوە پەیوەندییەکی خزمایەتی تەندروستی لەگەڵ خودی بنەماڵەی (دارا) وە هەیە و بەوهۆیەشەوە لەکارگەکەیاندا کار دەکات و جێگەی متمانەی (خورشید) وباوکییەتی، هەروەکو دارا باسی لێوە دەکات: " (سامان) یش پشت بەستێکی باش بو بۆ ئەم و دەیتوانی هەمو کەم وکووڕی ئامێر و ماتۆڕە کارەباییەکان بەخێرایی چارەسەر بکاتن... " (کانگەی بەڵا، ١٩).

کەواتە ئەو ئاڕاستەیە پەیوەندییەکی خزمایەتی تەندروستی لێ بەرهەم هێناوە . کەچی بەسەرێکی دیکەوە لەگەڵ (دارا) دا لەو پەڕی ساردییدایەو ڕق و کینەی بەرانبەر هەیە. (دارا) لە چەند حاڵەتێکدا ئەو حاڵەتە دەخاتە بەرباس، ئەویش کاتێك کە (خورشید) بۆ کڕینی ئامێر گەشتی دەرەوە دەکات، بەهۆیەوە (دارا) سەرپەرشتی کارگە دەکات، لەوێدا هەڵسوکەوتی (سامان) بەتەواوەتی لەگەڵیدا دەگۆڕێت. کار بەوە نەوەستا هەر ڕق و کینەی لەبەرانبەردا بکات، بەڵکو دوای هاتنەوەی (خورشید)، چووە لای دایکیان و سکاڵای لە (دارا) کرد: "لەبەیانییەوە بەخۆ بە (خورشید) هەر پەڕان ئاودیو دەکەین و هەر لێکی دەدەینەوە، ئەوجە پاشان بۆمان دەرکەوت کە ئەو مانگەی بەخۆی لێرە نەبوە، کارگە لەبەلاش گەڕاوە هیچ قازنجێکی وای نەکردووە" (کانگەی بەڵا، ٣٧).

بەهۆی ئەمەشەوە (دارا) لەلایەن دایکی و باوکییەوە سەرزەنشت و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت...بەمشێوەیە ئاڕاستەی ئەو پەیوندییە خزمایەتییەی (سامان) بەرانبەر (دارا) پەیوەندییەکی خزمایەتی نادروستە. ئەمەش بەشێك بووە لەو تەکنیکەی کە ڕۆمانوس لە چینیی ڕوداوەکاندا بەکاری هێناوە، چونکە دواجار ئەوە ئاشکرا دەبێت کە دایکی (خورشید)، دایکی (دارا) نییە، بەڵکو زڕدایکێتی، بەهۆی ئەوەش کە (سامان) خزمی دایکی (خورشید)ە، بۆیە ئەو ڕق و کینەیەی لەبەرانبەر (دارا) دا هەبووە، ئەمەش وەکو زەمینەسازییەك بۆ نیشاندنی گرێی سەرەکی دەقەکە، ڕۆمانوس سودی لێ بینیوە.

لەڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە) ی (عەبدوڵڵا سەڕاج) دا پەیوەندی خزمایەتی بەشێك لە ڕەوتی ڕوداوەکان لە ئەستۆ دەگرێت و لایەن و ڕەهەندی کەسایەتی کارەکتەرەکانیش بەخۆیەوە بەند دەکات و تیشکیان دەخاتەسەر. ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەی کە لە نێوان بنەماڵەی (تۆفیق) ی کارەکتەری سەرەکی و خزمەکانیدا هەیە بەشێوەیەك پەیوەندییەکی خزمایەتی تەندروستە و لەهەندێك شوێنیشدا

کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی (تۆفیق) دا هەیە. بۆنمونە بەهۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەوە (تۆفیق) پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ (ئەورەحمان) دەبەستێت و لەوێوە یەکتری دەناسن، ئەمەش لەزاری (تۆفیق) خۆیەوە گوێ بیست دەبین: "ناو بەناو سەرم لە خاڵۆم (باپیر) دەدا، ئا لەوێ (ئەورەحمان) م ناسی، کە چومە ژوورەوە سڵاوم لە حازری کرد، بێجگە لە خاڵم سویل لەبەرێك سڵاوەکەی سەندەوە" (هەڵکشان بەرەو لوتکە، ٥٥).

کاتێکیش هەواڵی دەستگیرکردنی (حەمەسور) بە (تۆفیق) دەگات کە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی کۆیان دەکاتەوە، (تۆفیق) لەخۆی دەترسێت و بڕیاری ئەوە دەدات ماوەیەك خۆی لەبەرچاوان ون بکات، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی خزمانی دەکات. هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە دروستەوە، ڕۆماننوس بەشێك لە ئەرکی بەڕێوەچونی ڕوداوەکە بەو پەیوەندییە خزمایەتییەوە دەسپێرێت، کاتێك بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە هەواڵی هەڵاتنی سێ لەزیندانییە سیاسیەکان بە (تۆفیق) دەگەیەنێت کە یەکێکیان (حەمەسور) ی هاوڕێیەتی: "شەو خاڵۆم سەردانی کردم. بەرچنەیەك هەنجیری لای خزمانی بۆ هاتبو، نیوەی بۆ ئێمە هێنا.

ـ تۆفیق، دەزانی یەکێك لەو سێ ڕاکردووانە لە ئێمام محمد کوژرا؟" (هەڵکشان بەرەو لوتکە، ٧٥).

سەرەڕای ئەمانەش حاڵەتێکی پەیوەندی خزمایەتی ناتەندروستیش خراوەتەڕو، کاتێك لەلایەن (نەوزاد)ەوە باس لە (سامان) ی خاڵۆزای باوکی دەکرێت کە لە گفتوگۆی لەگەڵ دایکیدا ئەوە بەدیار دەکەوێت کە پەیوەندی خزمایەتییان نادروستەو هاتوچۆیان نییە: "دایکە، سامانی خاڵۆزای باوکم دیت، دوێنێ.

پاش تۆزێك بێدەنگی دایکی سەری لەسەر سوی.ـ ئەمەیان چی خستیە بیرت!؟

ـ دەزانی ئێستا چی دەکا؟

ـ چوزانم. ناشوکری نەبێت هاتوچۆمان نییە و لەیەکتری دورین" (هەڵکشان بەرەو لوتکە، ٢٨٦).

سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندییە خزمایەتییەکە نادروستە، بەڵام هۆکاری ئەو دوری لەیەکتر و نادروستییە رون نەکراوەتەوە.

## ٤. ئەنجامەکان

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستمانهێناون، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕو:

١ـ بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانی کوردی لەم ماوەیەدا هەوڵی داوە ڕوکاری کۆمەڵگەی کوردی بخاتەڕو، کە کۆمەڵگەیەکی نەریتگەرای داخراوی قەدەری بووە، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕۆماننوسان هەوڵیانداوە لەڕێگای باسکردنی لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی...هتد، خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە دیاریبکەن و ڕوخسارەکانی شیبکەنەوە. لەهەمانکاتیشدا باس لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەش بکەن کە لەو ماوەیەدا هاتونەتە ئاراوە، کە وایان کردووە کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەیەکی وەرچەرخاو نزیك بکەوێتەوەو زەمینە بڕەخسێت بەرەو هەنگاونان بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و کراوە.

٢ـ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارییەکی کارایان لە یەکلاکردنەوەی گرێی سەرەکی ڕۆمانەکاندا هەیە. لەم ماوەیەدا زیاتر پەیوەندی هاوڕێیەتی ناسەرکەوتو لای لێ کراوەتەوەو گوتاری ڕۆماننوسانی لەسەر دامەزراوە، چونکە لەزۆرترین ژمارەی ڕۆمانەکانی ئەو ماوەیەدا ئەو پەیوەندییە ناسەرکەوتووە بەدی دەکرێت.

٣ـ پەیوەندی خۆشەویستی تەوەرەی سەرەکی گشت ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکاندا بووە، ئەو پەیوەندییە بەتەواوەتی زاڵە بەسەر کەشی ناو ڕوداوەکان و لەناو کۆمەڵگەیەکی نەریتگەرای داخراودا، ئەو جۆرە پەیوەندییە بواری بەرتەسکە، ئەم واقیعەش لەناو ڕۆمانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری پەیوەندییە خۆشەویستییەکان ناکام کەوتوونەتەوە.

٤ـ پەیوەندی خزمایەتی تانوپۆی ڕوداوەکان پێکدەهێنن و بەهۆیەوە ڕۆماننوسان توانیویانە لایەن و ڕەهەندەکانی ئەو جۆرە پەیوەندییە شیبکەنەوە، لەم ماوەیەدا لەناو ڕۆمانەکاندا پەیوەندی خزمایەتی دروست و نادروست پیشان دراوە و لێکۆڵراوەتەوە.

## ٥. سەرچاوەکان


باختین، میخایل، (٢٠٠٨)، سەودای وتوێژ، و: بەختیار سەجادی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

بەرزنجی، حسام، (١٩٨٨) کانگەی بەلاّ، مطبعة الحوداث، بغدا

حسن، سمير ابراهيم، (٢٠١٢)، تمهيد في علم الأجتماع، دار المسيره للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان – الأردن.

ڕەسوڵ، تەها ئەحمەد، (٢٠٠٩)، فەنتازیای داخراو، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

ساڵح، ئاوارە کەمال، (٢٠١٢)، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆرانا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٥٨)، هەولێر.

سراج، هاشم، فەلسەفەی هیگڵ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٧٤) تشرینی دووەمی ٢٠١١.

سەراج، عەبدوڵڵا، (١٩٨٩)، هەڵکشان بەرەو لوتکە، دار الحريه للطباعة، بغدا

عارف، حسین، (٢٠١١)، شار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

عەبدوڵا، غەفور ساڵح، (٢٠٠٩)، تواوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیر، چاپی دووەم، هەولێر.

عەبود، حەنا (٢٠١٠) لەبارەی مێژووی ڕۆمانەوە، و: عەبدوڵڵا ڕەحمان، چاپخانەی منارە، هەولێر.

عیسا، محەمەد، (٢٠٠٩)، سێکس وەك خوازە لە نێوان هونەری شێوەکاری و ڕۆماندا، و: دڵشاد ئەنوەر عەلی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٤٠)،.

غولدمان، لوسيان، (١٩٨٨)، البنوية التكوينة وتاريخ الأدب، ت: علي الشرع، مجله الثقافة الأجنبية، العدد الرابع، السنه الثامنة، بغداد

فرح، محمد سعيد و عبد الجواد، مصطفى خلف، (٢٠٠٩)، علم اجتماع الأدب، دار المسيرة للنشر و والتوزيع و الطباعة، عمان.

مرادخانی، علی، کاریگەری هیگڵ لەسەر مارکس، و: خەبات ڕسوڵی، بەشی دووەم و کۆتایی، هەفتەنامەی (هزرو هونەر) ی خەبات، ژمارە (٢٥)، هەینی ٢٠١٢/١٢/٢١.

مەلای ڕەش، عەزیزی، (١٩٨٦)، کوێخا سێوێ، الأمانه العامه الثقافة و الشباب، هەولێر.

هەرەس، موکری، (١٩٩٨)، چاپخانەی بێسارانی، چاپی سێیەم، سلێمانی.

ئەحمەد، ئیبراهیم، (٢٠١٠)، ژانی گەل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی پێنجەم، هەولێر،.

ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد، (٢٠١٢)، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ئەلوەنی، نەجم، (٢٠١٧)، تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.